# ڕۆڵی (خاڵۆ) لە پاراستنی پەندی پێشینانی کوردیدا

## (بەراوردێکی پەندەکان لە نێوان پیرەمێرد و خاڵ و خاڵۆ دا)

أ.م.د .مەهدی فاتیح عومەر

زانكۆی چەرموو، كۆلێژی پەروەردە و زانستە سروشتییەکان

تاريخ استلام البحث /٢٠١٧/٥/١٧ تاريخ قبول النشر / ٢٠١٧/١١/٢٧

**ملخص البحث**

البحث بعنوان ( دور خالو في الحفاظ على الأمثال الكردية )، وهو محاولة لإبراز مجموعة من الأمثال الكردية التي تم جمعها ومقارنتها ببعض من قبل ادباء الكرد ، من أجل ذلك أخذنا بنظر الاعتبار الجهود المبذولة من قبل أبرز شعراء هذا المجال الا وهو الشاعر( بيره ميرد ) باعتباره من الأوائل الذين اهتموا بجمع الأمثال الكردية وصياغتها من جديد وضمن ابيات شعرية ، ويأتي بعده الكاتب والأديب ( شيخ محمد خال ) الذي تمكن أيضا من جمع وشرح عدد كبير من الأمثال الكردية ، ثم يتطرق البحث الى عرض الأمثال التي لم تدون عند هذين الأديبين ، لكنها موجودة لدى( خالو).

البحث يتكون من مقدمة وثلاثة فصول و خاتمة ، ففي الفصل الأول يتناول أهمية الأمثال والنصائح عند (خالو) و الفصل الثاني يتكون من مبحثين : الأول يتناول مقارنة نصوص الأمثال بين (خالو ) و (بيره ميرد ) والمبحث الثاني يتناول مقارنة نصوص الأمثال بين (خالو ) و (شيخ محمد خال) ، أما الفصل الثالث يستعرض ويناقش عدد ونوعية الأمثال التي وجدت عند (خالو) ولم تعثر عليها عند(بيره ميرد ) و ( شيخ محمد خال ).

وفي الخاتمة اجمل فيها أهم النتائج التى توصل اليها البحث ، ثم ألحقنا تلك بقائمة المصادر والمراجع

**پێشەکی:**

**پەندی پێشینان وەك لقێکی فۆلکلۆر گوزارشت لە ڕۆحی زیندووی میللەتێك دەکات. ڕەنگە بۆ ئێمەی کورد جێگەی شانازی بێت کە ئێستامان بەو تروسکاییەی ڕابوردووەوە ببەستینەوە، بابدەینەوە سەر کەلە پووری دەماودەمی خۆمان کە پەندی پێشینان بەشێکی گرنگییەتی، پەندی کوردەواریش هیچی لە هی گەلە زیندووەکانی دنیا کەمتر نییە.**

**زۆر جار هەندێ بابەتی فۆلکلۆری دەبینین یان دەخوێنینەوە، کە لەلای هەندێ شاعیر و نووسەر وەك یەك بەکارهاتوون، یا هەرنەبێ لەیەکەوە نزیکن، جائەو بابەتانە حیکایەت بن، یا پەندی پێشینان و قسەی نەستەق و گاڵتەوگەپ و مەتەڵ و ڕووداوی تایبەتی، ئەوەی لای ئەم شاعیر و نووسەری ناوچەیەك باوە، لای شاعیر و نووسەری ناوچەکانی تری کوردەواری باوە، ئەم ڕاستییە دەما نخاتە بەر شە پۆلی وردبوونەوە و پرسیارکردن و بەراوردکردن بۆ ئەوەی بزانین جیاوازی و لێکچوونی پەندەکان تا چ ڕادەیەکە لە نێوانیاندا؟.**

**لێکدانەوە و بۆچوو نمان هەر چۆنێك بێت، کۆمەڵێك هۆی دەرەکی و ناوەکی لە مجۆرە لێکچوون و جیاوازیانەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن.**

**دانیشتوانی هەر ناوچەیەك کە بارودۆخی وەك دانیشتوانی ناوچەیەکی تر بێت کە ئەو بابەتە تیایدا سەری هەڵداوە، هیچ دوور نییە هەمان بابەت بەهەموو ڕەنگ و ڕووخسار و خاسیەتەکانییەوە بێتەکایەوە، خۆ ئەگەر جۆرە گۆڕانێکیش لەنێوانیاندا هەبێ شتێکی ئەوتۆ نییە کە لەو لێکچوونە دایان ببڕێت، یاخود زۆر جار پەندی جیاواز بەرچاو دەکەوێت کە دەشێت لای یەکێکیان هەبێت و لای ئەوی تر یان ئەوانی تر بەرچاو نەکەوێت، بۆ ئەم مەبەستە ئەو پەندانە بە سەردەکەینەوە کە لای ( پیرەمێرد ) و ( شێخ موحەمەدی خاڵ ) و ( خاڵۆ ) بەرچاو دەکەون**

دەتوانین بڵێین، ئەو بابەتانەی کە لەناو دانیشتوانی ناوچەیەکدا باوە و لای ناوچەیەکی تریش هەیە هی خۆمانن و پەیوەندییان بە فۆلکلۆری کوردییەوە هەیە و لە هەناوی کوردەوارییەوە سەریان هەڵداوە و مۆرکی بابەتەکان خۆماڵییە؟!.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

بەهۆی هەست کردنم بەدیاردەیەکی لەوجۆرەی کە ئەم حاڵەتی لێکچوون و جیاوازییەی پەندەکان لای شاعیران و نووسەرانی ئێمە بوونی هەیە، وە کەم قسە لەسەرکردنی لەلایەن کەسانی دیاری بوارەکە.

**گرنگی بابەتەکە:**

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆ هێنانە مەیدانی چەند پەندێکی پێشینانی فۆلکلۆری کوردیە کە لەلایەن ئەدیبانی کوردەوە کۆکراونەتەوە و بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتریدا، وە بۆ ئەو مەبەستەش ئاوڕمانداوەتەوە لە دیارترین شاعیری دیاری بوارەکە کە ( پیرەمێرد ) ە بەو پێیەی کە کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی و داڕشتنەوەی لە چوارچێوەی بەیتی شیعریدا یەکێك بووە لە شاکارەکانی، دواتر نووسەر و ئەدیب ( شێخ موحەممەدی خاڵ ) کە ئەمیش توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر پەندی پێشینانی کوردی کۆبکاتەوە و ڕاڤە و لێکدانەوەیان بۆ بکات، دواتر خستنە ڕووی ئەو پەندانەی کە لەلای ئەو دوو ئەدیبە نین و لای ( خاڵۆ ) بەرچاودەکەون. قسە کردن لەسەر دیاردەیەکی لەو جۆرەی کە هەر بابەتێکی فۆلکلۆری ،کە لە ناو میللەتی ئێمەدا باو بێت، بەموڵکی خۆمانی بزانین گرنگی خۆی هەیە.

**ڕیزبەندی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکە جگەلە پێشەکی لە سێ بەش و ئەنجام پێکدێت: لە بەشی یەکەمدا، باس لە گرنگی بابەتی پەند و ئامۆژگاری بەتایبەت لای ( خاڵۆ ) ی شاعیر کراوە ،لەگەڵ کێشەی ناونانی ئەو تاکە بەیتانەی کە ئەم پەندانەیان لە خۆگرتووە .بەشی دووەم پێکدێت لە دوو تەوەر:تەوەری یەکەم بریتییە لە بەراوردکرنی دەقی پەندەکان لای هەردوو شاعیر ( خاڵۆ ) و ( پیرەمێرد )، لە تەوەری دووەمیشدا بەهەمان شێوە بریتییە لە بەراوردکردنی دەقی پەندەکان لای ( خاڵۆ ) و ( شێخ موحەممەدی خاڵ ). لە بەشی سێیەمدا بە خستنە ڕووی ژمارە و جۆری ئەو پەندانەی کە لای ( خاڵۆ ) هەیە و لای ( پیرەمێرد ) و ( خاڵ ) بەرچاوناکەوێت بەردەوامیمان داوە بە لێکۆڵینەوەکەمان.

لە کۆتاییدا بە پشت بەستن بە هەر سێ بەشی لێکۆڵینەوەکە بە پوختی ئەنجامەکانمان دیاریکردووە لەگەڵ لیستی ئەو سەرچاوانەی کە سوودمان لێ بینیون.

**ڕێبازی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (( وەسفی- شیکاری - بەراوردکاری )) پەیڕەوکراوە.

**بەشی یەکەم:**

**بابەتی پەند و ئامۆژگاری لای ( خاڵۆ ) و مەسەلەی ناونانی تاکە بەیتە پەند ئامێزەکانی:**

پەند و ئامۆژگاری مێژوویەکی دێرینی هەیە و نووسین هەر لە سەرەتاوە هۆکارێك بووە بۆ گەیاندنی پەند و ئامۆژگاریی لە لایەن کەسانی بەئەزموون و خاوەن هۆشیارییەکی جیاواز و باڵاتر لە خەڵکانی ئاسایی، پەند و ئامۆژگاری بۆ ئەوە بووە، تا مرۆڤ لە ڕێڕەوی ژیاندا لەبەردەم هەموو ڕووبەڕووبوونەوەکان و شتە ئاسایی و نائاساییەکاندا کەڵك لە ئەزموون و وتە و بەسەرهاتی ناوداران و ئەوانی پێش خۆی وەربگرێ و بیکاتە چرایەك و شەوەزەنگی ژیانی خۆی پێ ڕۆشن بکاتەوە. پەندەکان چڕکراوەی ئەزموون و حیکمەتی ڕۆژگارێکی پێش ئێستای خەڵکانێکی تێگەیشتوو و هۆشیار بووە و بە شێوەی زارەکی و هەڵگرتنی لە مێشك و دڵ ودەروون و وتنەوە و هێنانەوەی لە لایەن نەوە یەك لەدوای یەکەکانەوە پارێزراوە و قەدری گیراوە و زۆرجاریش لە ئاینەکاندا گوزارشتی لێکراوە و ئاراستەی مرۆڤەکان کراوە، یان زۆرجاریش خراوەتە نێو چوارچێوەی

حیکایـەت و داسـتان و چـیرۆکی خورافییـەوە و پەنـد و ئامۆژگارییـەکان لـە سـەر زاری مـرۆڤ و ئـاژەڵ و ڕوەك و بـێ گیانـەوە گێڕدراونەتەوە.

پەند و ئامۆژگاری هێندە گرنگی و بەهای لە لای مرۆڤی هەموو شوێن و سەردەمەکانەوە هـەبووە، کـە بـووە بـە پێویستییەکی ژیـان و هـەموو مرۆڤێـك بـە ژن و پیـاوەوە، هـەوڵی داوە بـە شـێوەیەك لەشـێوەکان ئـەزموون و بەسـەرهاتەکانی خـۆی بـۆ مرۆڤەکانی تر بە تایبەت بۆ ئەو مرۆڤانەی تەمەنیان لە خوار تەمەنی ئەووەوەن بگێڕێتەوە و وەك شـتێکی بەکـەڵك بیخاتـە بەر دەستیان تـا کەڵکی لێ وەربگرن و نەهێڵێت ئەو شکست و ناخۆشییانەی کە بەسەریدا هاتووە لای ئـەوان دووبـارە بێتـەوە و هەروەها خاڵە گەش و پرشنگدارەکان و پێشکەوتنەکان زیاتر و زووتر و بە هێزێکی باشترەوە لە ژیانی ئەواندا دەرکەونـەوە.

هەر لەم سۆنگەیە و هەر لەم گرنگی و بەهایانەشەوە بووە کە پەنـد و ئامۆژگـاری هـەبیووە و لای خـەڵك حوورمـەت و سـەنگی خۆی دیار بووە، شاعیران ویستوویانە پەندەکان بخەنە چوارچێوەی شیعرەکانیانەوە و نرخ و بەهایەکی گەورەی بـۆ دابنـێن و بابەتی ئامۆژگاریی بۆ کوڕ و ئەندامانی کۆمەڵەکەیان و نەوەکانی دوای خۆیان لە هۆنراوەکانیاندا گوزارشت لـێ بکـەن و بـە هیچ جۆرێك پشت گوێی نەخەن، ئـەم حاڵەتـەش لـە شیعری زۆربـەی شـاعیرانی کـورددا دەبینرێت، (خـاڵۆ ١٩٢٨-١٩٩٦ز)ی شاعیریش چەند شیعرێکی هەیە، کە ئەم بابەتە شیعرییەی تێدایە، لەوانە (وەسیەتی بـاوك) کـە لـەم هۆنراوەیـەدا شـاعیر دەیەوێت وەك هەر باوکێکی تر ئامۆژگاریی کورەکەی بکات و لە جەنگەڵ و ساراکانی ژیاندا دەستی بگرێت و ڕێنمـایی بکـات و نەهێڵێت تووشی هەڵە و گێرەوکێشە بێت، خاڵۆ لە بەشێك لەم شیعرەیدا دەڵێت:

مـــافـــی مـــرۆڤـــی دانـــێ بـــۆ خـــوشکت
لابـــە خـــەیـــاڵ و بـــاوەڕی وشـکـت
ئـەویش لـەگـەڵ تـۆ هـەر دەسـکارێـکـن
یـەك ئـاو و گـڵ و لـــە دەمـــارێـکـن
لـــەگەڵ دراوسێ بـــە ئـــەسپـایـی بـــە
هـــاوبـــەشی خـــەم و ڕۆژی شایـــی بـــە
کـــاتێ بـەڵێنت دا بـــە ئـــەم وئـــەو
لـــە بیرت نەچێ چـــاوت بـەریـە خـــەو
یـــەکـــێ لای دانـــای زەنگـــی نهێنـی
پـــارێزگـــاریی کـــە، نـــەك بی زڕێنـــی
ئـەگـــەر وتـــەیـــەك لات بوو ئەمـــانـەت
تـــاوانبـــار نـــەبی بکـــەی خیـــانـەت (١)

خاڵۆ لەم شیعرەدا زێدەتر درێژە دەدات بە پەند و ئامۆژگارییەکانی بۆ کورەکـەی و دەیـەوێت زۆربـەی لایـەنی ژیـان بەباشی بگرێت و چاوی لـە داهـاتووی ژیـانی ڕۆڵەکەی بێت، بـێ گوومـان لـە ڕێگـەی ڕۆڵەکـەی خۆیـەوە زۆر گرنگـە لـە لای کـە ئـەم ئامۆژگارییانە بە گوێی هەموو نەوەکانی وڵاتەکەیدا بدات، بۆیە لە شوێنێکی دیکەی هەمان پارچە شیعریدا، خاڵۆ دەڵێت:

گـــەر قـــایمقام بووی لە مـەرکـــەز سەرا
لـــەگـــەڵ زۆردارا مـــەبـــە بـــە برا
بـــۆ خـــۆت شەریك بی لە وەی کـــەکرا
هـــەژار وەدەرنێن بە قـــرمـــە و هـــەرا
بـــوویتە پزیشك لـــە نەخـــۆشخانە
نـــەخـــۆش بـــۆ دەستی تـــۆ چاوەڕوانە
ژینی خـــــــۆت چـەندە لـە لا شیرینە

ژیـنی ئـــــەوانیش ئـــــاوا ببینە
یـــا مـامۆستا بـــووی لـــە نـاو مەڵبەندێ
لـە ناو کـــوچەیەك یـــاخۆ لــــە گوندێ
وتــــەت شـیـرین بـێ و خـــاوەن نیاز بـە
لـەگـەڵ فـێـرخــوازا هـاودەم و ســـاز بە
قـەت دەرفـەت مـــــەدە بـــە دوژمـنـــانـت
هـەر پـاســـەوان بـە بـۆ نـیـشـتـمـــانـت (٢)

هەروەها دوو چیرۆك و سەرگووزشتەی کۆنیشی خستۆتە نێو چوارچێوەی دوو پارچە شیعرەوە، یەکـەمیان بـە نـاوی (چـیرۆکی فرِوفێڵ) کە باس لەوە دەکات فرِوفێڵ و درۆکردن ئەگەر هەتا ماوەیەك کاری خۆی بکات، ئەوا بـێ گوومـان رۆژێـك دێـت، کـە هەر ئاشکرا دەبێت هەروەك چۆن پێشینان وتویانە (پەتی درۆ کورتە) هۆنراوەکەی بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

ئەڵێن کۆترێ لە ســــــەردار
دوو بەچکەی بوون ناسك ونـــازدار
رێوی ئەچوو ئەیوت ئـــــــەبێ
بەچکـەیەکیان بخەیتە خـــوار (٣)

چیرۆکی دووەمیشیان کە خالۆی شاعیر بە شیعر گوزارشتی لێ کردووە بە نـاوی (چـیرۆکی بـاوك و کـورِ) ەوەیـە، ئـەم شیعرەی خالۆ ئامۆژگارییە بۆ ئەوەی تازە یاخود بۆ کورِ کە بەوەفابێت بەرامبەر باوك یان هەر کەسێك کە رۆژێ لە رۆژان پێوەی ماندوو بووە و لەگەڵیدا هیلاك بووە، کە ئەوان ئێستا چوونەتە ساڵەوە و پیربوون و پێویستیان بەوەفا و یارمەتی و چـاکەی ئـەوان هەیە. بەهەمان شێوە چوارینەی یەکەمی ئەم شیعرە بەم جۆرە دەست پێ دەکات:

ئەگێرنەوە ئـــــــەڵێن پیاوێ
باخێکی بوو کـــــــانی و ئاوێ
ئــــەیوت ئیتر ئەمەم بــــــەسە
کـــشتـــوکـــاڵی تـــرم نـــاوێ (٤)

لە لایەکی دیکەوە ئەگەر سەیری شیعرەکانی خالۆ بکەین دەبینین کە ژمارەیەکی زۆر (پەندی پێشینان) ی بـەکار هێنـاوە کـە ژمارەی ئەو پەندانەی بەکاری هێناون بریتییە لە (١٤١) پەند و، لـە (٩٠) دێـرە شیعردا بـەکاری هێنـاون. بـە چـاوگێرانێك بەسەر ئەو پەندانەدا کە خالۆ بە دێرە شیعر گووزارشتی لێ کردوون، دەبینین زۆریان لە تەنیا یەك دێرە شیعردا دوو پەنـدی جێ کردۆتەوە، کە ژمارەیان (٥١) دێرە شیعرە، واتە (١٠٢) پەند لە نێو ئەم (٥١) دێرە شیعرەدا دارێژراونەتـەوە و بـە مانـا و سەنگ و قوورسایی خۆیانەوە هاتوونەتەوە بەر دیدەی خوێنەر ئەگەرچی هەندێکجار دەبینین خـالۆ لـەو بەکارهێنـانـە بـاوەی نێو خەڵکی دوورکەوتۆتەوە و بۆ پاراستنی کێش و سەرواى بەیتەکە بە شێوەیەکی دیکە دایرِشتۆتەوە، بـەڵام بـێ گوومـان بـێ ئەوەی مانا و ناوەرۆکی خۆیان لەدەست بدەن، بۆنموونە لەم دێرە شیعرەدا کە هێناومانەتەوە دوو پەندی تێدایە:

گەورە و بچوکی بۆ عەقڵ نـــــــــــابێ
یان ئەڵێن قەت چەم بێ چەقــــــەڵ نابێ (٥)

لە چەند شوێنێکی تریشدا خالۆ یەك پەندی لە تەنیا دێرە شیعرێکدا جێگە کردۆتەوە، واتـە هـەموو تاکـە شیعرێك تـەنیا یەك پەندی تێدایە و ژمارەشیان (٣٩) پەندە لە نێو (٣٩) تاکە شیعردا، وەك لەم نموونەیەدا دەر دەکەوێت:

لە هەموان راستر ئـــــــەم فەرموودەیە

گەر زمان بێڵێ سەر ئاسودەیە ( ٦ )

بەو پێیەی ( پەندی پێشینان وتارێکی کورتی، ڕێکوپێکی، جوانی، بەتامی، بەتەوژمی، کاریگەرە کە لە دڵ ودەروونێکی بێداری، ئاوەدانی، ئاگاداری، پێشینانەوە هاتبێتەدەرەوە، لەدوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوور ودرێژ. )( ٧ )، بەم جۆرە خاڵۆ هاتوە ئەو پەندانەی لە دوو توێی دێڕە شیعرەکانیدا بەکار هێناون، تانەوەی داهاتوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سوودیان لێ وەربگرێت کە پەندەکان خۆیان فەلسەفەی ژیانن و هەزاران ساڵە لە باووبا پیرا نمانەوە بۆمان ماونەتەوە، تا ئێمەش سوودیان لێ وەربگرین و بیانکەین بە ڕێنیشاندەری خۆمان، چونکە ئەو پەندانە لە دڵێکی ئاوەدان و زمانێکی ڕەوانەوە هەڵقوڵاون، کاتێکیش شاعیرێك بەکاریان دەهێنێت ئەوا بۆ زیاتر بەزیندوویی ڕاگرتنی ئەو پەندانەیە تا نەوە لەدوای نەوە پێی ئاشنا بن و لە هەموو سەردەمەکانەوە ئەم پەندانە سەردەر بهێنن و مرۆڤەکان کەڵکیان لێوەربگرن، کەواتە ئەو پەندە بەرز و پیرۆزانەی خاڵۆ بەکاری هێناون، گە نجینەیەکی پڕ گەوهەرن کە هەموو خوێندەوارێك لە هەر پلەیەکی زانیندا بێت، دەتوانێت کەڵکیان لێ وەربگرێت، بگرە نەخوێندەوارەکانیش بە هۆی بیستنەوە لە سوود لێ وەرگرتن لەم پەندانە بێ بەش نابن.

لەلایەکی ترەوە، ئاراستەکردنی پەند و ئامۆژگاری لە ڕێگەی شیعرەوە بۆ خوێنەر و بۆ نەوەکان، خۆی لە خۆیدا جۆرێکە لە وەسێتکردنی شاعیر بۆ ئەو نەوانە، وەسێتکردنیش بۆخۆی ترسێکی وەسێتکەرە لە داهاتوو، ئەو داهاتوەی کە ئەوی تێدا نییە و ئاگای لێ نابێت چی دەبێت و چی ڕوو دەدات، بۆیە وەسێتکەران لەڕێگەی ئەو پەیامانەی خۆیانەوە دەیانەوێ هەر مەترسییەك کە لە سەر داهاتوو هەیانە بیرەوێننەوە و ئەوەی گەرەکیانە ڕوو بدات و، بە نەوەکانی دوای خۆیانی بڵێن و ئەوان جێبەجێیان بکەن.

لەناو فۆلکلۆری کوردیدا پەندی پێشینان، جێگایەکی تایبەتی و دیاری هەیە. لە هەموو بەشەکانی تری فۆلکلۆر( ئەفسانە، چیرۆك، داستان، گۆرانی، ....تاد ) زیاتر کۆکراوەتەوە و خزمەتی کراوە.

دەوڵەمەندی فۆلکلۆری کوردی، بووەتە هۆی ئەوەی ئەدەبی سەرزاری زمانی کوردی دەوڵەمەند بێت، کە لەم ڕووەوە پەندی پێشینان پشکی گەورەی بەردەکەوێت لەم دەوڵمەندکردنەدا، چونکە ( پەند گرنگترین و پۆدارترین بەشی ئەزموونی کۆمەڵە. مرۆڤ تووشی هەر چەشنە کێشە و داوێك هاتبێت، بۆ دەربازبوون و زاڵ بوون بەسەر هەر ڕووداوێکدا، کۆمەڵێ مرۆڤ لە دەوری یەکتری خڕ دەبنەوە و بە تاوتوێکردنی ڕێچکەیەك، چارەیەك دەدۆزنەوە. بۆ ئەوەی نەوەی داهاتوو لە ئەزموونی وان کەڵك وەربگرن، بیر و چارە و تەجروبەی خۆیان وەکو تابلۆ لە ڕستەیەکدا دەربڕیوە. ئەم دەستەواژەیە، هەڵگری بوونزانی و جیهانبینیان بووە )( ٨ ). لێرەوە تێدەگەین وە بەڵگە نەویستە کە پەندی پێشینان لقێکی گەورەی فۆلکلۆرە و ئەدەبی فۆلکلۆریش بەهەموو بەشەکانیەوە بەرهەمی بیری گەلە و گەل بەهەموو چین و توێژەکانییەوە دەبنە خاوەنی ڕاستەقینەی فۆلکلۆر و ئەدەبی سەرزاری خەڵکی. بۆیە لێرەوە دەبێت بپرسین ئایا هەر شاعیرێك پەندێك یا چەند پەندێکی خستە قاڵبی شیعر و بەرگی شیعری کرد بەبەردا، دەبێتە موڵکی ئەو شاعیرە و لە فۆلکۆرێتی و خاوەنداریێتی گەل دوور دەکەوێتەوە بەواتایەکی تر ڕەوایە پێیان بوترێت پەندی پێشینانی فلاَن شاعیر؟.

بۆ وەڵامی پرسیاری مەبەست کە ئایا ئەو شیعرانەی بۆ نموونە شاعیرێکی وەکو ( پیرەمێرد ١٨٦٧-١٩٥٠ز) کە پەندی پێشینانیان تێکەڵ کراوە و شێوەی پەندیان وەرگرتووە ، دەشێ پێیان بگوترێت ( پەندی پێشینانی پیرەمێرد ) یان ( پەندەکانی پیرەمێرد ).هەرچەندە زوربەی ئەوانەی کەلەسەر پیرەمێردیان نووسیوە لە وێنەی ( عەلادین سەجادی، کاکەی فەللاح، محەمەد ڕەسوڵ هاوار، د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ ) بە مجۆرە شیعرانەی پیرەمێردیان وتووە ( پەندی پێشینانی پیرەمێرد ) یان ( پەندەکانی پیرەمێرد )، دیارە هیچ کام لەم ناولێنانە زانستی و ورد و دروست نین، چونکە ئەگەر ئەم شیعرانە تێکرا زادەی بیری پیرەمێرد بن کەواتە پەندی پێشینان نین و بۆچی زاراوەی ( پەندی پێشینان ) بەناوی پیرەمێردەوە بلکێنرێت؟ئەمە لەلایەك لەلایەکی ترەوە ( پەندی پێشینان ئەو بەرهەمە کۆنانەی گەلن کە هەموو باری ژیان و کۆمەلأیەتی

و مێژووییيان تێدا دەرئەکەوێ و لە ڕووداوی ژیان و کارەساتی کاتە هەرە کۆنەکاندا پەیدابوون و پەرەیان سەندووە و ئاوێنەیەکی ڕوونی کاتی جیاجیای ژیانی گەلن )( ٩ ).

کەواتە( ئەو پەندی پێشینانەی کە پیرەمێردخستوویەتییە چوارچێوەی شیعرەکانییەوە بەرهەمی گەلن و بەم کارەی پیرەمێرد نابن بە بەرهەم و موڵکی پیرەمێرد هەتا بەناوی ئەمەوە تۆماربکرێن. هەروەها زاراوەی —پەندەکانی پیرەمێرد-یش بەدروستی مەبەست نا پێکێ چونکە هەندێ لەو پارچە شیعرانەی پیرەمێرد پەندی پێشینان نین بەمانا زانستییەکەی، بەڵکو چەند وتەیەکی توێکڵداری پیرەمێرد خۆیەتی کە بە شێوەیەکی ورد لە دووتوێی شیعرێکی سادەدا دەربڕیوە )( ١٠ ).

ئێمە جگە لەم باسەش کاتی خۆی ساڵی ( ٢٠٠٩ ) کە ( دیوانی خاڵۆ ) مان چاپ و بڵاوکردەوە، بۆ ئەو بەیتانەی خاڵۆ کە پەندی پێشینانیان تێکەڵ کرابوو، لە جیاتی دەستەواژەی ( پەندی پێشینانی خاڵۆ ) و ( پەندەکانی خاڵۆ ) دەربڕینی ( تاك ) یان دەستەواژەی شیعری پەند ئامێز مان بەکارهێنابوو، کە ( ئەم دەستەواژەیەش ئەو جۆرە شیعرانە دەگرێتەوە کە پەندێکی پێشینانی یاخود وتەیەکی توێکڵداری لە خۆگرتبێت )( ١١ ). ئاشکرایە لەبەر ئەوەی ئەرکی سەرەکی ئەم جۆرە شیعرانە ئامۆژگاری کردن و ڕێنمایی کردنە ( بۆیە پتر لە ژیری و ئەقڵ دەدوێن و کەمتر ئاوڕ لە سۆز و خەیاڵ دەدەنەوە )( ١٢ ).

هەر وەك پێشتر ئاماژەمان بۆکرد لە دیوانی خاڵۆ دا ژمارەیەکی زۆر ( پەندی پێشینان ) بەر چاو دەکەوێت کە کەوتوونەتە نێوان لا پەڕەکانی ( ٣٦٥ ) بۆ ( ٣٧٦ )ی دیوانەکەی، ژمارەی ئەو پەندانەی بەکاری هێناون بریتییە لە ( ١٤١ ) پەند لە ( ٩٠ ) دێڕە شیعردا .

ئەو پەندانەی کە خاڵۆ بە دێڕە شیعر گووزارشتی لێ کردوون، دەبینین زۆریان لە تەنیا یەك دێڕە شیعردا دوو پەندی جێ کردۆتەوە، کە ژمارەیان ( ٥١ ) دێڕە شیعرە، واتە ( ١٠٢ ) پەند لە نێو ئەم ( ٥١ ) دێڕە شیعرەدا داڕێژراونەتەوە و بە مانا و سەنگ و قوورسایی خۆیانەوە،

وە دەبینین هەریەکە لەو تاکە دێڕانەی کە دوو پەندیان لە خۆیان گرتووە زوربەی کات بەهۆی مۆرفیمی لێکدەری ( یان ) کە نزیکەی بیست جار بەکارهاتووە، بەیەکەوە بەستراون. سەرجەم بەیتەکان بە کێشی خۆماڵی دەبڕگەیی داڕێژراون و وەستان لە ناوەڕاستدایە واتە( پێنج بە پێنج ).

هەروەها ئەو تاکە بەیتانەی خاڵۆ کە یەك پەندی پێشینانی لە خۆ گرتووە ، واتە هەموو تاکە شیعرێك تەنیا یەك پەندی تێدایە و ژمارەشیان ( ٣٩ ) پەندە لە نێو ( ٣٩ ) تاکە شیعردا، وە ئەمانیش سەرجەمیان بە کێشی خۆماڵی دەبڕگەیی داڕێژراون و وەستان لە ناوەڕاستدایە واتە( پێنج بە پێنج ).

## بەشی دووەم:

### تەوەری یەکەم: بەراوردکردنی دەقی پەندەکان لای ( خاڵۆ ) و ( پیرەمێرد ):

لەم تەوەرەیەدا مەبەستمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەدیب و شاعیرێکی وەك پیرەمێرد کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا کاری گەورە و ناوازەی ئەنجامدا بۆ خزمەتکردنی کلتور و فەرهەنگی کوردی لە هەموو بوارەکاندا چ بەنووسین و وەرگێڕان و کاری ڕۆژنامەگەری، وە دیارترین کارێك کە زیاتر بووبێتە ناسنامەی کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەیە لە پەندی پێشینانی کوردی و جارێکیتر داڕشتنەوەی بە شێوەی شیعر تا نەوەکانی دوای خۆی بە گەنجینە دەوڵەمەندە ئاشنا بکات و کە بە وتەی مامۆستا عەلادین سەجادی ژمارەی ئەو پەندانەی کە کۆیکردوونەتەوە گەیشتۆتە( ٦٤٤٨ پەند )( ١٣ ).

گومانی تێدا نییە کە میللەتێکی وەك میللەتی کورد خاوەنی ژمارەیەکی زۆر زیاترە لەو پەندانەی کە کەسێکی وەك پیرەمێرد کۆی کردوونەتەوە و بەشێوەی شیعر دایڕشتوونەتەوە، بۆیە ئاساییە کە کەسانی تر لەو بوارەدا قەڵەمی خۆیان بخەنەکار و مشتێکی تر بخەنە سەر ئەو خەرمانەی کە پیرەمێرد کۆی کردۆتەوە و ڕەنجی بۆ داوە، یەکێك لەو شاعیرانەش کە بەپێی توانای خۆی هەوڵیداوە ئەم کارە بکات خاڵۆی شاعیرە، کە لەماوەی تەقەللای ئەدەبی خۆیدا توانیویەتی ( ١٤١ ) پەندی پێشینان کۆبکاتەوە ، کە لەم ژمارەیە ( ٤٤ ) پەندیان لای پیرەمێرد بە فۆرم و شێوەی جیاواز بەڵام بەهەمان ناوەڕۆك

دەبینرێت، بەڵام (٩٧) پەندیان لای پیرەمێرد نابینرێن و بەم کارەی گەنجینەی کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە بە لیستێك جارێکی تر پەندەکانی خاڵۆ بە پێی ریزبەندی دیوانەکەی بخەینە روو، وە لە بەرامبەریشدا بۆ ئەو پەندەی کە هاوشێوەی لای پیرەمێرد هەیە دەیخەینە روو ، وە ئەو پەندەی کە هەر لای خاڵۆ هەیە و لای پیرەمێرد نابینرێت، لە بەرامبەریدا ئەم هێمایە ( ***** ) دادەنێین بۆ زیاتر دەرخستنی پەندەکە :

| ژ | بەیتە پەندئامێزەکانی خاڵۆ | بەیتە پەندئامێزەکانی پیرەمێرد |
|---|---|---|
| ١ | دۆستی وەك تۆم بیٚ دوژمنم ناویٚ<br>یان وەی لە قونیٚ و وەی لە دۆشاویٚ | *****<br>***** |
| ٢ | وتیان مژدەبیٚ کورِت بوو حوشتر<br>وتی باری خۆم هەر لە خۆم زیاتر | بە حوشتریان وت: خوا کورِت باتیٚ<br>وتی: من بیٚ بار، نامێنم ساتیٚ(١٤)*<br>یان<br>بە حوشتریان گوت حوشتر کورِت بوو<br>وتی لە ئەستۆی من بار لانەچوو (١٥) |
| ٣ | لە دەم داکەویٚ تیکە بۆ کۆشیٚ<br>ورچی نە کوژراو پێستی نافرۆشیٚ | *****<br>***** |
| ٤ | ئەڵێن وەك چنار وایە ئەو پیاوە<br>سێبەر دوورە و بن خۆی هەتاوە | دەوڵەمەند هەرچەند خەڵکی لە دەورە<br>بایەخی نییە سێبەری هەورە (١٦) |
| ٥ | ئەڵێن کاکە تۆ لە گوێی گا خەوتووی<br>یان شێتی کە دوای کلاّولار کەوتووی | *****<br>منیش کە عومرم رۆیی بەسەرچووم<br>وا شوێن کلاّوی بابردوو کەوتووم (١٧) |
| ٦ | ئەڵێن دلّ مێشە لە پیس ئەنیشیٚ<br>یان ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشیٚ | *****<br>***** |
| ٧ | سەگ و سەرەنوێلك نێزیکتر لە خوێش<br>دۆستێکی کۆنن کەر و خۆڵەمێش | *****<br>کەر خۆڵەمێشی بۆیە خۆش ئەویٚ<br>تێیدا دەگەوزیٚ و تێر وەردەکەویٚ (١٨) |
| ٨ | لە پاش رووتکردن بۆ خوّت بیٚ پشتێن<br>لێی بنوو مەڵیٚ جەردە وا لە کوێن | ***** |
| ٩ | ئەسپ بە پێی خۆی ئالیك زیاد ئەکا<br>یان گورگە پێستی مەرِ لەبەر ئەکا | ولاّخ بارکێش بیٚ و رێی لێنەشێویٚ<br>خاوەندی مەنی جۆی بۆ دەپێویٚ (١٩)<br>یان<br>هەندیٚ لە پێستی مەرِا وەك گورگە<br>هەندێکی تریش سپلی لاورگە (٢٠) |
| ١٠ | مریشك بۆ خۆی بەسەری خۆیا<br>خۆڵ نەکا سەد کەس بۆی ناکریٚ پێیا | ***** |
| ١١ | ئەڵێن پاش میران سیٚ سیٚ سەر ئەبرِن<br>یان نانیان نییە پیوازان ئەکرِن | *****<br>***** |
| ١٢ | دۆم تا دانیشیٚ وێرانە ماڵی | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| | بیٚ كراس هەر جاو وا لە خەیاڵی | ئۆتۆمبێلچی قۆناخ ئەسێنیٚ<br>بیٚ دەرپێش هەر جاو لە خەو ئەبینیٚ ( ٢١ ) |
| ١٣ | شێر والە بێشە مەگەریٚ بۆ شوێن<br>گیا هەموو لەسەر بنجی خۆ ئەڕوێن | *****<br>ئەڵێن گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕویٚ<br>وەجاخ زادە بۆچ خەڵكی لیٚی ئەدویٚ ( ٢٢ )<br>یان<br>ئەڵێن : گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕویٚ<br>بەلاٚم بێستانیش بژاری ئەویٚ ( ٢٣ )<br>یان<br>گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە<br>ئینسان كە چێنرا سەوز نابێتەوە ( ٢٤ ) |
| ١٤ | كەر سەر پشك بیٚ ئەڵیٚ كێری زل<br>هەر بۆ من باشە ئۆباڵم بە مل | ***** |
| ١٥ | ئەم دەست پێویستی نەبیٚ بەو دەستیٚ<br><br>گوتراوە لە حەق ناو ڕائەوەستیٚ | بە هیوای هاوسیٚ بیٚ چێشت ئەمێنی<br>چاوەڕێی دەست بی، هەر خەو ئەبینی ( ٢٥ )<br>***** |
| ١٦ | كەرت وەبەستە بۆ خۆت لیٚی بنوو<br>بۆ ڕاو یەك كەمە و ئەشڵێن زۆرە دوو | *****<br>***** |
| ١٧ | لە حاڵی برسی هیچ نازانیٚ تێر<br><br>ڕۆژ و شەو وەكیەك وایە لەلای كوێر | پیاوی تێر ئاگای لە برسی نییە<br>بە ماڵ ئەخوریٚ هیچ ترسی نییە ( ٢٦ )<br>***** |
| ١٨ | چەند كەس نایە كار بەرامبەر مەردێك<br>ئەوە پیٚی ئەڵێن سەد قەل و بەردێك | ***** |
| ١٩ | گەر دز و ماڵخۆر مەیلیان بێنیٚ<br>گا هەڵئەكێشن بۆ سەر كولێنیٚ | دز و خاوەند ماڵ كردەیان یەك خەن<br>بە كونەبانا گاجووت سەر دەخەن ( ٢٧ )<br>یان<br>( دز ) و خاوەن ماڵ ئەگەر یەك كەویٚ<br>بە كونە باندا گا سەردەكەویٚ ( ٢٨ ) |
| ٢٠ | شێتە بۆ شێتی مایەی بۆ لوانە<br>ئەو نانەش نانە ئەمڕۆ لە خوانە | *****<br>بیری دواڕۆژمان بوو بە ئەفسانە<br>نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە ( ٢٩ )<br>یان<br>ئەمانە عەقڵی پێشینانە<br>نان ئەو نانەیە ئیمڕۆ لە خوانە ( ٣٠ )<br>یان<br>بە خوا ئەمانە داخی دڵمانە<br>( نان ئەو نانەیە ئەمڕۆ لە خوانە ) ( ٣١ ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١ | قوزی بەر ئاگر بێ نرخە لامان<br>گلێ دوور ئەڵێن دەرمانی زامان | *****<br>***** |
| ٢٢ | یەك حەرفێ بەسە بلێی بە ژیرێ<br>ئەڵێن کەر بە کەر باشتر ئەگیرێ | *****<br>***** |
| ٢٣ | ئەڵێن قەرزاری ڕەگی گولییە<br>یان ژنی خراپ تەوقی ملییە | *****<br>***** |
| ٢٤ | تەور کەی کلکی خۆی ئەبڕێتەوە<br>یان وەك بەفری پار چوو ئەبڕێتەوە | ئەڵێن تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە<br>وای ئەبڕێتەوە کە نەبێتەوە ( ٣٢ )<br>***** |
| ٢٥ | دەستی خۆی نییە بۆیە ئەگرێ مار<br>پواز لە خۆی نەبێ چۆن ئەقڵشێ دار | *****<br>دروشمی ناوخۆت ڕەگ دەردەکێشێ<br>دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ ( ٣٣ )<br>یان<br>دار بە پوازی خۆی ئەقەڵیشێ<br>گوڵی دۆست زیاتر لە بەرد ئەنیشێ ( ٣٤ ) |
| ٢٦ | ئەڵێن زۆر سەیرە بەزمێکی خۆشە<br>من ئەڵێم نێرە ئەڵێ بیدۆشە | برا! ئەم پیاگە سەیری چەند خۆشە<br>من یژم: نێرە، یژێ: بیدۆشە ( ٣٥ )<br>یان<br>هەندێ ڕەجاکار سەیری زۆر خۆشە<br>پێی ئەڵێی نێرە ئەڵێ بیدۆشە ( ٣٦ ) |
| ٢٧ | بە سۆفێتی ژن مەکە ئیعتوبار<br>دڵت خۆش مەکە بە زەردەی زۆردار | *****<br>***** |
| ٢٨ | کوێر هەتا ئەمرێ بەهیوای چاوە<br>سەگ لە کولێرە قەت نەتۆراوە | بۆیە گیرۆدەن هێندێ بەو داوە<br>کوێر هەتا ئەمرێ بەهیوای چاوە ( ٣٧ )<br>یان<br>پێم مەڵێن ڕیست وەك خوری خاوە<br>کوێر هەتا دەمرێ بەهیوای چاوە ( ٣٨ )<br>یان<br>کوێر تاکو دەمرێ بەهیوای چاوە<br>لیستەی یانسیب زۆری نەماوە ( ٣٩ )<br>یان<br>سەگ لە پشیلە بە وەفا ترە<br>پشیلە دەرکە و گەماڵ ڕاگرە ( ٤٠ ) |
| ٢٩ | کلاشی خەڵکی و مانگەشەو وایە<br>گوللە و دەرمانی کاك بایزاغایە | *****<br>***** |
| ٣٠ | ئاغاژن حیزبێ بۆ تاقە پیاوێ<br>کارەکەر بۆ کەس پێوتنی ناوێ | ( بناوان ) شل بێ، جۆگە گرفتە<br>ئاغاژن وابێ! کارەکەر مفتە |

| | | |
|---|---|---|
| | | باغ بەرەلاّ بیّ هەر كەس بۆ خۆیە<br>كەوتووینە دەورێك كەوا بخۆیە ( ٤١ ) |
| ٣١ | بەرامبەر خالّی ژنی تەواوە<br>لەلای خالۆژنی كێری هەستاوە | ***** |
| ٣٢ | هێنایان بۆ كەر دورییەك هێلكەورۆن<br>گوێی خستەناوی نەیدی تام و بۆن | ***** |
| ٣٣ | هەموو شتێك بە خویّ و خویّش بە ئەندازە<br>دار تا پیر ئەبیّ چاوەڕێی بازە | *****<br>***** |
| ٣٤ | دیزەی كەیبانوو هیچ تەقەی نایە<br>پێچی دەوەنێك ڕەقەمی شایە | *****<br>***** |
| ٣٥ | ڕێوی تاوەكو قەبالّەی هێنا<br>ملیان هەلّبڕی و كەولّیان دەرهێنا | لە دووی سیاسەت خۆت مەخەرە بەند<br>ڕێوی قەوالّەی پیّ بوو، پێستیان كەند ( ٤٢ ) |
| ٣٦ | گەر بە بێگاری بچییە ناو نزار<br>واتە بۆ مازوو ناڕوانی بۆ دار | ***** |
| ٣٧ | یا شەڕ لە شێفیّ نەك لە خەرمانیّ<br>یان باش بەرد لەسەر مەلّۆی خۆت دانیّ | *****<br>***** |
| ٣٨ | وتیان لە ساخی بۆ ئەڕۆی هۆرە<br>وتی لە دواوە مێكوتم زۆرە | ***** |
| ٣٩ | هەر بەیەك ئەگەن كاروانی و خانچی<br>وا ئاش ئەگەڕیّ چەقەنە تۆ چی | *****<br>***** |
| ٤٠ | دیاری شوان شنگە یان ئالّەكۆكە<br>سەگی سپی زیانە بۆ بارە لۆكە | *****<br>گوێرەكەیەكی لەڕ كەوتە پەموو<br>گاگەل بە زیان ناوبران هەموو ( ٤٣ ) |
| ٤١ | خۆزگە بۆ كفن دزەكەی كە ڕۆی<br>ئەلّێن مردوو گیّ ئێستا وا لە جێی | ***** |
| ٤٢ | گەر خۆ ڕاگر بووی هیچ پەلەت نەكرد<br>حەلّوا دروستكە لە بەرسیلەی ورد | شەیتان پەلەی كرد بۆیە زەلیلە<br>ڕاوەستە و حەلّوا بیّ بەرسیلە ( ٤٤ )<br>یان<br>مندالّ لەسەرخۆ پیّ دەگریّ و دەڕوا<br>بەرسیلە بەسەبر ئەبیّ بە حەلّوا ( ٤٥ ) |
| ٤٣ | گای بە بارەوە ئەلّێی وەستاوە<br>كوڕی بۆ فێربوون، خوێندن هێناوە | ***** |
| ٤٤ | ڕێوی بە كونەوە هەر بۆ خۆی ناچیّ<br>هەژێك بە گونەوە ئنجا چۆن ئەچیّ | ***** |
| ٤٥ | ئەوەی لە شەڕا نەبیّ ناترسیّ<br>تیران داوێژیّ دووسەرە و سیّ سیّ | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٦ | ئەڵێن جام بشكێ و بەلاّم نەزرێ<br>یان بەرە لەلای تەنكییەوە ئەدرێ | چرای درۆزن ساتێ دەگرێ<br>بەرەیش هەر لەلای تەنكی ئەدرێ ( ٤٦ )<br>یان<br>بیستومە وردە مەئمور دەرئەكرێ<br>بەرە هەر لەلای، تەنكی ئەدرێ ( ٤٧ )<br>یان<br>شوهرەت ئافەتە لێت نابێتەوە<br>جام بشكێ بەلاّم نەزرنگێتەوە ( ٤٨ )<br>یان<br>جام ئەڵێ: بشكێم بەلاّم نەزرێم<br>چاكە و خرا پە دێنەوە سەر رێم ( ٤٩ ) |
| ٤٧ | وتیان بە بزن شوان دەسناكەوێ<br>خاوەنیش بمرێ پەكم ناكەوێ | ***** |
| ٤٨ | وتیان بە گورگ نۆبەتە برۆ<br>ئەمرۆ تۆ شوانبە وتی ئەی درۆ | ***** |
| ٤٩ | بە نەشارەزا ئەڵێن وەك كوێرە<br>بەز بە پشیلە هەرگیز مەسپێرە | *****<br>ئەوی بە كتك بەز دەسپێرێ<br>دیارە بزدارە پەزیش ئەبژێرێ ( ٥٠ ) |
| ٥٠ | قسە لە خە نجەر زیاتر بە ئێشە<br>یان بە قەد بەرەی خۆت پێ رابكێشە | زامی تیغ چارەی دێت بە دەوایێ<br>برینی زمان سارێشیی نایێ ( ٥١ )<br>یان<br>هێند بە ( زیانە ) برینی زوبان<br>سارێشیی نابێ بە داوودەرمان ( ٥٢ )<br>یان<br>ئەوی ئەیەوێ سەری نەێشێ<br>بە قەد بەرەی خۆی پێ رادەكێشێ ( ٥٣ ) |
| ٥١ | گەر تەماع سەری نەبری ئەتكوژێ<br>یان جام كە پڕ بوو ئەڵێن لێی ئەرژێ | خوێن پەرییە سەرت لووتت ئە پژێ<br>كاسە كە پڕ بوو ئەوسا دەرژێ ( ٥٤ )<br>یان<br>كاسە كە پڕ بوو دیارە ئەرژێ<br>بەرداش لێك كەون تۆزیان ئە پرژێ ( ٥٥ )<br>یان<br>ئەگەر پەرۆیەك لە خۆت دادرێ<br>ئەتوانی سەری تەماع ببرێ ( ٥٦ )<br>یان<br>سەری تەماعت برێ سەرداری<br>كە ماڵی خەڵكت خوارد شەرمەزاری ( ٥٧ ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٢ | ئەڵێن ڕێوییەکی بە دایم گەڕاو<br>نەك شێری نووستوو تەمەڵ بێ لە ڕاو | ***** |
| ٥٣ | خزم بە خەنجەر خوێنت بڕژێنێ<br>گۆشتیشت بخوا، ئێسکت ناشکێنێ | ***** |
| ٥٤ | وەك گونی قۆڕە خزمی نالەبار<br>ئەیبڕی ئەمری و نایبڕی هەر عار | ***** |
| ٥٥ | ئەڵێن چاکە بکە و بیخەرە ئاوێ<br><br>یان ئەڵێن گاڵتە هەر خۆشە تاوێ | تۆ چاکە بکە و بیدە بە ئاوا<br>خەڵکیش نەزانێ، لای خوا نووسراوە ( ٥٨ )<br>***** |
| ٥٦ | بەردم لە سەری چێشتکەرێ داوە<br>ئومێدی کەوچکە چێشتەکەم ناوە | ***** |
| ٥٧ | میوان بە خێربێ جێژنی خانەخوێ<br>یان شەق ئەزانێ قۆناغ وا لە کوێ | *****<br>گوێی ڕانەکێشی زۆر کەس بێ گوێیە<br>( کوتەك ) دەزانێ ( قۆناغ ) لە کوێیە ( ٥٩ )<br>یان<br>زۆر جارم وتووە خەرۆ بێ گوێیە<br>کوتەك دەزانێ قۆناغ لە کوێیە ( ٦٠ ) |
| ٥٨ | کاکە بە بای خۆت شەنت کە بە با<br>گوتراوە کە کەر نۆی برد دەش دەبا | *****<br>***** |
| ٥٩ | کە گۆڕی گوم بێ پشیلەی زۆردار<br>زەماوەندییانە مشك لە عەمار | پشیلە دیار نەبێ، شایی مشکانە<br>هەروا هاتووە ئەم دەور و دوکانە ( ٦١ )<br>یان<br>کە پشیلەی ڕاوکەر لە ماڵا نەما<br>مشك ئەکەوێتە تلیلی و سەما ( ٦٢ ) |
| ٦٠ | ئەڵێن کە خوویەك گرتت بە شیری<br>بۆت تەرك نابێ لە کاتی پیری | بەڵام خووێکی گرتمان بە شیری<br>ناتوانین تەرکی بکەین بە پیری ( ٦٣ )<br>یان<br>خوویێ کە ئینسان گرتی بە شیری<br>لێی نابێتەوە تا ئاخری پیری ( ٦٤ ) |
| ٦١ | سەگ بە مانگەشەو با هەر هەڵوەڕێ<br>یان کێ بە زوڕنای ئەو هەڵئە پەڕێ | *****<br>***** |
| ٦٢ | بەختەك نائیب بێ و پاشا نەوشیروان<br>دووسەد کەلاوە بکرە بە هەرزان | ***** |
| ٦٣ | کەر کە ماندوو بوو وا لە ڕێی چووشە<br>یان دەنگی دەهۆڵ هەر لە دوور خۆشە | *****<br>***** |
| ٦٤ | دۆ بە بە بێ دۆ ئەڵێ ماستاوە<br>ئەڵێن بۆ کەوڵە ئەم ڕێوی و ڕاوە | *****<br>کێ لەگەڵ کێدا بەڕاستی دۆستە |

| | | |
|---|---|---|
| | | ئەم ڕاوەڕێویە هەمووی بۆ پۆستە (٦٥) |
| ٦٥ | ئەڵێن چێو لە چێو ئەگەڕێتەوە<br>کەس بە مەڵەی کەس نا پەڕێتەوە | *****<br>***** |
| ٦٦ | گۆزە نەسووتێ دەرناچێ لە گڵ<br>کێ گوڵی چنی بێ ژانی چقڵ | *****<br>***** |
| ٦٧ | هەتیو هەتا دێ ناوی ڕووت ئەبێ<br><br>چاو چاوی ئەخوارد ئەگەر لوت نەبێ | ئێستا هیچ ماڵێ لێفەی نەماوە<br>بە ڕاستی بەرگی هەتیو دراوە (٦٦)<br>***** |
| ٦٨ | لە هەموان ڕاستر ئەم فەرموودەیە<br>گەر زمان بێڵێ سەر ئاسوودەیە | بە ڕیسی خەڵکی بۆچ ئەڵێی : پەتە<br>زوبانت بێڵێ سەرت ڕەحەتە (٦٧)<br>یان<br>خەڵکی لە قسەی ڕەقت سەخڵەتە<br>گەر زوبان بێڵێ سەرت ڕەحەتە (٦٨) |
| ٦٩ | گە نجی بە بارێ و بە ژاری مار بێ<br>یان خۆ ماست نییە بە لێوتۆ دیاربێ | *****<br>ئەڵێن : ماست نیە بە لێوتۆ دیاربێ<br>یا دار نابڕن، دەنگی مشار بێ (٦٩) |
| ٧٠ | لای دۆست درکاندت نهێنییەکی خۆ<br>ئەویش هەیەتی چەند دۆستی وەك تۆ | ***** |
| ٧١ | یان ئەڵێن سەد ساڵ چەك ڕۆژێ گەرەك<br>پاش بارانی زۆر بۆچیمە کە پەنك | *****<br>ئەمرۆ پێویستە تۆ بە دۆست دەرچی<br>کە باران نەما (کە پەنەك) بۆچی؟ (٧٠)<br>یان<br>ئەمرۆ بۆ باران فەرە نجیم بەیتێ<br>سبەینێ بۆ تۆ ئەبێ بە بەیتێ<br>ئەوسا نەتدامێ و کەوتیە نکەنك<br>بۆچیمە لە دوای باران کە پەنەك (٧١)<br>یان<br>هەتا تەڕ نەبووی ئەبێ تێ هەڵچی<br>ئەڵێن پاش باران کە پەنەك بۆچی (٧٢) |
| ٧٢ | بە خۆشی زستان قەت مەکە بڕوا<br>شوان تا دانیشێ مەڕی دوور ئەڕوا | *****<br>گایەك کە کەوتە پەڵە بێستانێك<br>ئەبێ بە جەزا تێکرا بۆ ڕانێك<br>بەلاّم بە چاوی ئینصاف بڕوانی<br>خەتای ئەم ئیشە لە شوان ئەزانی (٧٣) |
| ٧٣ | گای پیر لە ترسی قونی ئەبێ سوار<br>چل شەو عومرێتی ئەڵێن سەگی هار | *****<br>ئەڵێن : هار چل شەو ئەژی درۆیە<br>کوا لە ماڵی هار شین و ڕۆڕۆیە (٧٤) |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٤ | گۆشتی گونی خۆت هەڵپچڕە بە دان<br>منەتی قەساب مەهێنە سەر شان | لە قاپی نامەرد مەکە ( دەقولباب )<br>بێ گۆشت بە ، نەوەك منەتی قەساب ( ٧٥ ) |
| ٧٥ | هەر کەس پێی خۆش بێ دڵۆپەی خانووی<br>پێی ناخۆش نییە حیز بێ کەبانووی | ***** |
| ٧٦ | لە کون دێتەدەر مار بە قسەی خۆش<br>قازانی مەردان درەنگ دێتە جۆش | *****<br>***** |
| ٧٧ | بۆ هەر جێیەك چووی هاوڕێ پەیاکە<br>ئەڵێن تەنیایی هەر بۆ خوا چاکە | ***** |
| ٧٨ | ماڵ و ژن نەبووە و قەت نەگوتراوە<br>هەر ژن و ماڵیان لەسەر دەم باوە | ***** |
| ٧٩ | گەورە و بچوکی بۆ عەقڵ نابێ<br><br>یان ئەڵێن قەت چەم بێ چەقەڵ نابێ | عەقڵ بە گەورە و بچوکی نیە<br>کاری دیوانی بەربووکی نیە ( ٧٦ )<br>***** |
| ٨٠ | لە قەسابخانە ببڕێ ئەزانی<br>سەگ بە فیڕۆیە سەردەمی ژیانی | ***** |
| ٨١ | لە ڕێویيان پرسی شاهیدت کوانێ<br>کلکی جولاَن و ها ئەوەتانێ | ***** |
| ٨٢ | هەموو کەس بەچکەی خۆی لەلا چاکە<br>کەس لە عەقڵی خۆی گلەیی ناکا | *****<br>هەرکەس عەقڵی خۆی لەلا پەسندە<br>فائیدەی نییە ئەم بەند و پەندە ( ٧٧ ) |
| ٨٣ | ئاشهاڕ پەلەی بوو زوو باریکا بار<br>ئاشەوان ئەیویست زوو پڕبێ عەمار | ***** |
| ٨٤ | کە ماسی بگری قونت تەڕ ئەبێ<br><br>سەگ بە کونی خۆی وەری گەڕ ئەبێ | ئەو کەسەی ماسی بگرێ تەڕ ئەبێ<br>بێستانەوانیش تووشی شەڕ ئەبێ ( ٧٨ )<br>یان<br>ڕیس چەوتی بادەن ئەبێ بە خوری<br>قنگت تەڕ نەبێ ماسی ناگری ( ٧٩ )<br>***** |
| ٨٥ | بۆچی زیاد ناکەی گیسکی هەیاسی<br>یان ئەڵێن تۆ گا بە گونا ئەناسی | *****<br>***** |
| ٨٦ | ژنت شەریکی نەك ماڵت بریا<br>قەت بە دەمی سەگ پیس نابێ دەریا | *****<br>***** |
| ٨٧ | گۆشت بۆ قەساب و بۆ نانەوا نان | ( ناشی ) بێ هوودە کەوتۆتە دۆلاب<br>( نان بۆ نانەوا ، گۆشتیش بۆ قەساب ) ( ٨٠ )<br>یان<br>کاربەدەست لەسەر تەجرەبە ئەڕوا<br>گۆشت بۆ قەصاب و نان بۆ نانەوا ( ٨١ ) |

| | | |
|---|---|---|
| | ئەکەی بۆ گیسکێ گایەك خەیتە بان | ***** |
| ٨٨ | پێشوونی ئەڵێن لە شوێن چوان نەچی<br>یان گەر قەسابی لە ناڵبەندیت چی | *****<br>***** |
| ٨٩ | مەجبووری لەوە کەڵك وەرگری<br>ئەگەر ڕیشت بوو شانە هەڵگری | ***** |
| ٩٠ | پیاو کە شەرمن بوو بیدە بە تووڕێك<br>ژن کە شەرمن بوو زێرە پڕ ژووڕێك | ***** |

وەك لە بەراوردکرنی پەندەکان لای پیرەمێرد و خاڵۆ دەردەکەوێت،ئەوەیە کە زۆر جار لای پیرەمێرد یەك پەند بە دوو شێوەی جیاواز بەلاَم بەهەمان ناوەرۆك بەکارهاتووە و زیاتر شیکردنەوەی بۆ پەندەکان کردووە و درێژەی پێداوە کە لەلای خاڵۆ بەوجۆرە نییە.

**تەوەری دووەم: بەراوردکردنی دەقی پەندەکان لای (خاڵۆ) و (خاڵ):**

لەم تەوەرەیەشدا مەبەستمانە ئەوە بخەینە ڕوو کە ئەدیب و نووسەرێکی وەك (شێخ محەمەدی خاڵ ١٩٠٤-١٩٩٠ز) کە لە ماوەی ژیانی خۆیدا کاری گەورە و ناوازەی ئەنجامدا بۆ خزمەتکردنی کلتور و فەرهەنگی کوردی لە هەموو بوارەکاندا چ بەنووسین و وەرگێران و کاری ڕۆژنامەگەری و فەرهەنگ دانان، وە یەکێك لە کارە ناوازەکانی کۆکردنەوەی ئەو ژمارە زۆرەیە لە پەندی پێشینانی کوردی و شیکردنەوە و لێکدانەوەیان تا نەوەکانی داهاتوو بەو گەنجینە دەوڵەمەندە ئاشنا بکات و کاتێ کە سەیری کتێبەکەی (پەندی پێشینان) دەکەی کە بە پێی پیتەکانی زمانی کوردی پەندەکانی جیاکردۆتەوە دەبینین ژمارەی ئەو پەندانەی کە کۆیکردوونەتەوە گەیشتۆتە( ٤٤٩٧ پەند )(٨٢).

گومانی تێدا نییە کە میللەتێکی وەك میللەتی کورد خاوەنی ژمارەیەکی زۆر زیاترە لەو پەندانەی کە کەسێکی وەك شێخ موحەممەدی خاڵ کۆی کردوونەتەوە و لێکدانەوەی بۆ کردوون، بۆیە ئاساییە کە کەسانی تر لەو بوارەدا قەڵەمی خۆیان بخەنەکار و مشتێکی تر بخەنە سەر ئەو خەرمانەی کە شێخی خاڵ کۆی کردۆتەوە و ڕەنجی بۆ داوە، یەکێك لەو شاعیرانەش کە بە پێی توانای خۆی هەوڵیداوە ئەم کارە بکات خاڵۆی شاعیرە، کە لەماوەی تەقەڵلای ئەدەبی خۆیدا توانیویەتی (١٤١) پەندی پێشینان کۆبکاتەوە ، کە لەم ژمارەیە (١١٨) پەندیان لای شێخی خاڵ بە فۆرم و شێوەی جیاواز بەلاَم بەهەمان ناوەرۆك دەبینرێت، بەلاَم (٢٣) پەندیان لای خاڵ نابینرێن و بەم کارەی گەنجینەی کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردی دەوڵەمەندتر کردووە.

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە بە لیستێك جارێکی تر پەندەکانی خاڵۆ بە پێی ڕیزبەندی دیوانەکەی بخەینە ڕوو، وە لە بەرامبەریشدا بۆ ئەو پەندەی کە هاوشێوەی لای خاڵ هەیە دەیخەینە ڕوو ، وە ئەو پەندەی کە هەر لای خاڵۆ هەیە و لای خاڵ نابینرێت، لە بەرامبەریدا ئەم هێمایە (*****) دادەنێین بۆ زیاتر دەرخستنی پەندەکە:

| ژ | بەیتە پەندئامێزەکانی خاڵۆ | پەندی پێشینان لای خاڵ |
|---|---|---|
| ١ | دۆستی وەك تۆم بێ دوژمنم ناوێ<br>یان وەی لە قوونێ و وەی لە دۆشاوێ | ئەگەر دۆستێکی وەك تۆم بێ ئیتر دوژمنم بۆ چی یە؟(٨٣)**<br>وای لە قوونێ ، وای لە دۆشاوێ (٨٤) |
| ٢ | وتیان مژدەبێ کوڕت بوو حوشتر<br>وتی باری خۆم هەر لە خۆم زیاتر | بە حوشتریا وت: کوڕت بوو وتی: باری خۆم لەسەر<br>پشتی خۆمە (٨٥) |
| ٣ | لە دەم داکەوێ تیکە بۆ کۆشێ<br>ورچی نە کوژراو پێستی نافرۆشرێ | پاروو لە دەم داکەوێ بۆ کۆش باشە (٨٦)<br>***** |
| ٤ | ئەڵێن وەك چنار وایە ئەو پیاوە | وەك چرا شەوقی بۆ ژێر خۆی نی یە (٨٧) |

| | | |
|---|---|---|
| | سێبەر دوورە و بن خۆی هەتاوە | |
| ٥ | ئەڵێن کاکە تۆ لە گوێی گا خەوتووی<br>یان شێتی کە دوای کلاوڵار کەوتووی | ئەڵێی لە گوێی گادا نووستووە ( ٨٨ )<br>دوای کلاوی بابردوو کەوتووە ( ٨٩ ) |
| ٦ | ئەڵێن دڵ مێشە لە پیس ئەنیشێ<br>یان ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ | دڵ مێشە لە گووش ئەنیشێ ( ٩٠ )<br>ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەکێشێ ( ٩١ ) |
| ٧ | سەگ و سەرەنوێك نێزیکتر لە خوێش<br>دۆستێکی کۆنن کەر و خۆڵەمێش | *****<br>کەر و خۆڵەمێش ( ٩٢ ) |
| ٨ | لە پاش ڕووتکردن بۆ خۆت بێ پشتێن<br>لێی بنوو مەڵێ جەردە وا لە کوێن | دوای ڕووتکردنەوە، تەشتێ تەلاّ بنێ بەسەرتەوە ( ٩٣ ) |
| ٩ | ئەسپ بە پێی خۆی ئالیك زیاد ئەکا<br>یان گورگە پێستی مەڕ لەبەر ئەکا | ئەسپ بە ڕاکردن، ئالیکی خۆی زیاد دەکا ( ٩٤ )<br>گورگە و لە پێستی مەڕدایە ( ٩٥ ) |
| ١٠ | مریشك بۆ خۆی بەسەری خۆیا<br>خۆڵ ئەکا سەد کەس بۆی ناکرێ پێیا | مریشك خۆی خۆڵ ئەکا بەسەر خۆیا کەس ناتوانێ خۆڵی<br>بەسەرا بکا ( ٩٦ ) |
| ١١ | ئەڵێن پاش میران سێ سێ سەر ئەبڕن<br>یان نانیان نییە پیوازان ئەکرن | لە پاش میران، سەران ئەبڕێ ( ٩٧ )<br>یەکێ نانی نەبوو ئەچو پیازی ئەکری ( ٩٨ ) |
| ١٢ | دۆم تا دانیشێ وێرانە ماڵی<br>بێ کراس هەر جاو وا لە خەیاڵی | دۆم بە دانیشتن ماڵ وێرانە ( ٩٩ )<br>تینو ئاو لە خەوا ئەبینێ و بێ دەرپێ دوو گەز جاو ( ١٠٠ ) |
| ١٣ | شێر واڵە بێشە مەگەرێ بۆ شوێن<br>گیا هەموو لەسەر بنجی خۆ ئەروێن | شێر کە لەبێشە دەرپەڕیی، چ نێر بێ چ مێ ( ١٠١ )<br>گیا لەسەر بنجی خۆی شین ئەبێ ( ١٠٢ ) |
| ١٤ | کەر سەر پشك بێ ئەڵێ کێری زل<br>هەر بۆ من باشە ئۆباڵم بە مل | نێرەکەریان کرد بە سەرپشك، کێری گەورەی بۆ خۆی<br>هەڵگرت ( ١٠٣ ) |
| ١٥ | ئەم دەست پێویستی نەبێ بەو دەستێ<br>گوتراوە لە حەق ئاو ڕائەوەستێ | خوا ئەم دەست محتاجی ئەو دەست نەکا ( ١٠٤ )<br>حەق ئاو ڕائەوەستێنێ ( ١٠٥ ) |
| ١٦ | کەرت وەبەستە بۆ خۆت لێی بنوو<br>بۆ ڕاو یەك کەمە و ئەشڵێن زۆرە دوو | *****<br>***** |
| ١٧ | لە حاڵی برسی هیچ نازانێ تێر<br>ڕۆژ و شەو وەکیەك وایە لەلای کوێر | تێر ئاگای لە برسی نییە ( ١٠٦ )<br>بۆ کوێر، شەو و ڕۆژ چوون یەکە ( ١٠٧ ) |
| ١٨ | چەند کەس نایە کار بەرامبەر مەردێك<br>ئەوە پێی ئەڵێن سەد قەل و بەردێك | سەد قەل و بەردێك ( ١٠٨ ) |
| ١٩ | گەر دز و ماڵخۆر مەیلیان بێنێ<br>گا هەڵئەکێشن بۆ سەر کولێنێ | دز و ماڵخۆر ئەگەر یەك بن، گا لە کولانەوە<br>سەرئەخەن ( ١٠٩ ) |
| ٢٠ | شێتە بۆ شێتی مایەی بۆ لوانە<br>ئەو نانەش نانە ئەمرۆ لە خوانە | شێتە بۆ شێتیت؟ ئەڵێ: بۆم ئەلوێ ( ١١٠ )<br>ئەو نانە نانە، ئەمڕۆ لە خوانە ( ١١١ ) |
| ٢١ | قوزی بەر ئاگر بێ نرخە لامان<br>گڵی دوور ئەڵێن دەرمانی زامان | قوزی گوێ ئاگردان قەدری نییە ( ١١٢ )<br>گڵی دوور دەرمانە ( ١١٣ ) |
| ٢٢ | یەك حەرفێ بەسە بڵێی بە ژیرێ<br>ئەڵێن کەر بە کەر باشتر ئەگیرێ | ئەگەر کەسێك کەسە، حەرفێکی بەسە ( ١١٤ )<br>هەر کەسە بە کەسێك ئەگیرێ ( ١١٥ ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٣ | ئەڵێن قەرزاری ڕەگی گوڵییە<br>یان ژنی خراپ تەوقی ملییە | بووە بە ڕەگی گوڵی لێم نابێتەوە ( ١١٦ )<br>ژنیش هەیە، ژانیش هەیە ( ١١٧ ) |
| ٢٤ | تەور کەی کلکی خۆی ئەبڕێتەوە<br>یان وەك بەفری پار چوو ئەبڕێتەوە | تەور کلکی خۆی نابڕێتەوە ( ١١٨ )<br>***** |
| ٢٥ | دەستی خۆی نییە بۆیە ئەگرێ مار<br>پواز لە خۆی نەبێ چۆن ئەقڵشێ دار | دەستی خۆی نییە و ماری پێ ئەگرێ ( ١١٩ )<br>دار پوازی لە خۆی نەبێ ناقڵیشێ ( ١٢٠ ) |
| ٢٦ | ئەڵێن زۆر سەیرە بەزمێکی خۆشە<br>من ئەڵێم نێرە ئەڵێ بیدۆشە | من ئەڵێم نێرە، ئەو ئەڵێ بیدۆشە ( ١٢١ ) |
| ٢٧ | بە سۆفێتی ژن مەکە ئیعتوبار<br>دڵت خۆش مەکە بە زەردەی زۆردار | نەهاواری گۆران، نە سۆفیەتی ژنان ( ١٢٢ )<br>بە پێکەنینی زاڵم باوەڕ مەکە ( ١٢٣ ) |
| ٢٨ | کوێر هەتا ئەمرێ بەهیوای چاوە<br>سەگ لە کولێرە قەت نەتۆراوە | کوێر تا ئەمرێ بەتەمای چاوە ( ١٢٤ )<br>***** |
| ٣٩ | کلاشی خەڵکی و مانگەشەو وایە<br>گوللە و دەرمانی کاك بایزاغایە | *****<br>گوللە و بارووتی هەمزاغایە و بەکەندەلانێوەی ئەنێ ( ١٢٥ ) |
| ٣٠ | ئاغاژن حیزبێ بۆ تاقە پیاوێ<br>کارەکەر بۆ کەس پێوتنی ناوێ | ***** |
| ٣١ | بەرامبەر خاڵی ژنی تەواوە<br>لەلای خاڵۆژنی کێری هەستاوە | ***** |
| ٣٢ | هێنایان بۆ کەر دەورییەك هێلکەوڕۆن<br>گوێی خستەناوی نەیدی تام و بۆن | ***** |
| ٣٣ | هەمووشتێك بەخوێ و خوێش بەئەندازە<br>دار تا پیر ئەبێ چاوەڕێی بازە | هەموو شتێك بە خوێ، خوێش بە مەعنا ( ١٢٦ )<br>دار پیر ئەبێ، جارێك بازی بەسەرەوە ئەنیشێ ( ١٢٧ ) |
| ٣٤ | دیزەی کەییانوو هیچ تەقەی نایە<br>پێچی دەوەنێك ڕەقەمی شایە | با دیزە بەدەر خۆنە بێت ( ١٢٨ )<br>***** |
| ٣٥ | ڕێوی تاوەکو قەباڵەی هێنا<br>ملیان هەڵبڕی و کەوڵیان دەرهێنا | تا ڕێوی قەواڵەی خۆی خوێندەوە، پێستیان گورو<br>لە قنگەوە ( ١٢٩ ) |
| ٣٦ | گەر بە بێگاری بچییە ناو نزار<br>واتە بۆ مازوو ناڕوانی بۆ دار | بە زۆر بینێرن بۆ مازوان، بە دارا هەڵ ناڕوانێ ( ١٣٠ ) |
| ٣٧ | با شەڕ لە شێفێ نەك لە خەرمانێ<br>یان باش بەرد لەسەر مەڵۆی خۆت دانێ | شەڕ لە شێف و ئاشتی لە خەرمان ( ١٣١ )<br>بەردی ناوەتە سەر مەڵۆ ( ١٣٢ ) |
| ٣٨ | وتیان لە ساخی بۆ ئەڕۆی هۆرە<br>وتی لە دواوە مێکوتم زۆرە | ***** |
| ٣٩ | هەر بەیەك ئەگەن کاروانی و خانچی<br>وا ئاش ئەگەڕێ چەقەنە تۆ چی | ئەو کاروانچی، من خانچی ( ١٣٣ )<br>ئاش ئەگەڕێ و چەقەنە سەری خۆی ئەشکێنێ ( ١٣٤ ) |
| ٤٠ | دیاری شوان شنگە یان ئاڵەکۆکە<br>سەگی سپی زیانە بۆ بارە لۆکە | دیاری شوان، یا شنگە، یا هەڵەکۆك ( ١٣٥ )<br>سەگی سپی بۆ بارخانەی لۆکە زەرەرە ( ١٣٦ ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٤١ | خۆزگە بۆ کفن دزەکەی کە ڕۆی<br>ئەڵێن مردوو گێ ئێستا وا لە جێی | سەد ڕەحمەت لە کفن دزی پێشوو ( ١٣٧ ) |
| ٤٢ | گەر خۆ ڕاگر بووی هیچ پەلەت نەکرد<br>حەڵوا دروستکە لە بەرسیلەی ورد | ئەگەر سەبر بکەیت، لە بەرسیلە حەڵوا ئەکەیت ( ١٣٨ ) |
| ٤٣ | گای بە بارەوە ئەڵێی وەستاوە<br>کوڕی بۆ فێربوون، خوێندن هێناوە | گام وا بە بارەوە، دۆینەم وا بە دارەوە، مەلا درەنگە<br>کوڕەکەم بکە بە مەلا ( ١٣٩ ) |
| ٤٤ | ڕێوی بە کونەوە هەر بۆ خۆی ناچێ<br>هەژێك بە گونەوە ئنجا چۆن ئەچێ | ڕێوی نە ئەچوو بە کونەوە، هەژگێکیشی بەستبوو<br>بە گونەوە ( ١٤٠ ) |
| ٤٥ | ئەوەی لە شەڕا نەبێ ناترسێ<br>تیران داوێژێ دووسەرە و سێ سێ | شەڕکەر واز ئەهێنێ، ناوبژێکەر وازناهێنێ ( ١٤١ ) |
| ٤٦ | ئەڵێن جام بشکێ و بەڵام نەزڕێ<br>یان بەرە لەلای تەنکییەوە ئەدڕێ | جام ئەڵێ بشکێم و نەزرنگێم ( ١٤٢ )<br>بەرە لای تەنکییەوە ئەدڕێ ( ١٤٣ ) |
| ٤٧ | وتیان بە بزن شوان دەسناکەوێ<br>خاوەنیش بمرێ پەکم ناکەوێ | وتیان ڕانە، هەڕۆ، بڕۆ، شوانت مرێ! وتی: خاوەنیشم<br>بمرێ بێ شوان نابم ( ١٤٤ ) |
| ٤٨ | وتیان بە گورگ نۆبەتە بڕۆ<br>ئەمڕۆ تۆ شوانبە وتی ئەی درۆ | بە گورگیان وت: ئەمڕۆ نۆرە شوانیتە وتی بەخوا<br>پێم پەتیە ( ١٤٥ ) |
| ٤٩ | بە نەشارەزا ئەڵێن وەك کوێرە<br>بەز بە پشیلە هەرگیز مەسپێرە | نەشارەزا وەك کوێرە ( ١٤٦ )<br>بەز بێ و بە پشیلە بسپێرێ ( ١٤٧ ) |
| ٥٠ | قسە لە خەنجەر زیاتر بە ئێشە<br>یان بە قەد بەرەی خۆت پێ ڕابکێشە | زامی شمشێرخۆش ئەبێتەوە زامی قسە خۆش نابێتەوە( ١٤٨ )<br>بە قەد بەرەی خۆت پێ ڕابکێشە ( ١٤٩ ) |
| ٥١ | گەر تەماع سەری نەبڕی ئەتکوژێ<br>یان جام کە پڕ بوو ئەڵێن لێی ئەڕژێ | تەماع سەری نەبڕیت سەرت ئەبڕێ ( ١٥٠ )<br>کاسە کە پڕ بوو لێی ئەڕژێ ( ١٥١ ) |
| ٥٢ | ئەڵێن ڕێوییەکی بە دایم گەڕاو<br>نەك شێری نووستوو تەمەڵ بێ لە ڕاو | ڕێوییەکی گەڕۆك، لە شێرێکی نووستوو چاکترە ( ١٥٢ ) |
| ٥٣ | خزم بە خەنجەر خوێنت بڕژێنێ<br>گۆشتیشت بخوا، ئێسکت ناشکێنێ | خزم گۆشتت بخوات، ئێسقانت ناشکێنێ ( ١٥٣ ) |
| ٥٤ | وەك گونی قۆڕە خزمی نالەبار<br>ئەیبڕی ئەمری و نایبڕی هەر عار | خزمی خراپ گونی قۆڕە، نە ئەتوانی بیبڕی،<br>نە ئەتوانی هەڵی گری ( ١٥٤ ) |
| ٥٥ | ئەڵێن چاکە بکە و بیخەرە ئاوێ<br>یان ئەڵێن گاڵتە هەر خۆشە تاوێ | چاکە بکە و بیدە بە دەم ئاوا ( ١٥٥ )<br>***** |
| ٥٦ | بەردم لە سەری چێشتکەرێ داوە<br>ئومێدی کەوچکە چێشتەکەم ناوە | ***** |
| ٥٧ | میوان بە خێربێ جێژنی خانەخوێ<br>یان شەق ئەزانێ قۆناغ وا لە کوێ | میوان جەژنی خانە خوێ یە ( ١٥٦ )<br>شەق ئەزانێ قۆناغ لە کوێ یە ( ١٥٧ ) |
| ٥٨ | کاکە بە بای خۆت شەنت کە بە با<br>گوتراوە کە کەر نۆی برد دەش ئەبا | *****<br>کەر کە نۆی برد دەش ئەبا ( ١٥٨ ) |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٩ | كە گۆڕی گوم بێ پشیلەی زۆردار<br>زەماوەندییانە مشك لە عەمار | ئەگەر پشیلە لە ماڵ نەبێ، مشكان تلیلی لیانە (١٥٩) |
| ٦٠ | ئەڵێن کە خوویەك گرتت بە شیری<br>بۆت تەرك نابێ لە كاتی پیری | خوویەك گیرا بە شیری، تەرك ناكرێ بە پیری (١٦٠) |
| ٦١ | سەگ بە مانگەشەو یا هەر هەڵوەڕێ<br>یان کێ بە زوڕنای ئەو هەڵئە پەڕێ | سەگ بە مانگەشەو ئەوەڕێ (١٦١)<br>كەس گوو بە كلاوی نا پێوێ (١٦٢) |
| ٦٢ | بەختەك نائیب بێ و پاشا نەوشیروان<br>دووسەد كەلاوە بكرە بە هەرزان | نەوشیروان حاكم بێ و بەختەك وەزیر بێ سەد كەلاوە<br>بە پارەیەك (١٦٣) |
| ٦٣ | كەر كە ماندوو بوو وا لە ڕێی چووشە<br>یان دەنگی دەهۆڵ هەر لە دوور خۆشە | كەری ماندوو بەتەمای وەشەیە (١٦٤)<br>دەنگی دەهۆڵ لە دوور خۆشە (١٦٥) |
| ٦٤ | دۆ بە بە بێ دۆ ئەڵێ ماستاوە<br><br>ئەڵێن بۆ كەوڵە ئەم ڕێوی و ڕاوە | دۆ بدە بە بێ دۆ، لای وایە ماستە، پە نجەی بۆ ئەبا بزانێ<br>ڕاستە(١٦٦)<br>ڕاوی ڕێوی بۆ كەوڵێتی (١٦٧) |
| ٦٥ | ئەڵێن چێو لە چێو ئەگەڕێتەوە<br>كەس بە مەلەی كەس نا پەڕێتەوە | چێو بنێن بە ورگییەوە، ناگەڕێتەوە (١٦٨)<br>كەس كەس ناباتە بەهەشت (١٦٩) |
| ٦٦ | گۆزە نەسووتێ دەرناچێ لە گڵ<br>كێ گوڵی چنی بێ ژانی چقڵ | *****<br>***** |
| ٦٧ | هەتیو هەتا دێ ناوی ڕووت ئەبێ<br><br>چاو چاوی ئەخوارد ئەگەر لوت نەبێ | هەتیو ئەگریا ئەی وت، بەشەكەم كەمە، سەگ پری پیا<br>كرد و ئەویشی فڕاند (١٧٠)<br>ئەگەر لووت نەبێ لە بەینا، چاو چاو ئەخوا (١٧١) |
| ٦٨ | لە هەموان ڕاستر ئەم فەرموودەیە<br>گەر زمان بێڵێ سەر ئاسوودەیە | گەر زمان بیەڵێ، سەر ڕەحەتە (١٧٢) |
| ٦٩ | گە نجی بە باربێ و بە ژاری مار بێ<br>یان خۆ ماست نییە بە لێوتۆ دیاربێ | *****<br>خۆ ماست نیە بە لێوتەوە دیاربێ (١٧٣) |
| ٧٠ | لای دۆست دركاندت نهێنییەكی خۆ<br>ئەویش هەیەتی چەند دۆستی وەك تۆ | قسە مەكە بۆ دۆستی وێت، ئەوا ئەویش<br>دۆستێكی بێت (١٧٤) |
| ٧١ | یان ئەڵێن سەد ساڵ چەك ڕۆژێ گەرەك<br>پاش بارانی زۆر بۆچیمە كە پەنك | *****<br>لە دوای باران كە پەنك؟ (١٧٥) |
| ٧٢ | بە خۆشی زستان قەت مەكە بڕوا<br>شوان تا دانیشێ مەڕی دوور ئەڕوا | بە خۆشی زستان و زەردەخەنەی دوژمن باوەڕ مەكە (١٧٦)<br>شوان تا دانیشێ گەلەی دوور ئەكەوێتەوە (١٧٧) |
| ٧٣ | گای پیر لە ترسی قونی ئەبێ سوار<br>چل شەو عومرێتی ئەڵێن سەگی هار | *****<br>سەگی هار چل شەوی عومرە (١٧٨) |
| ٧٤ | گۆشتی گونی خۆت هەڵپچڕە بە دان<br>منەتی قەساب مەهێنە سەر شان | گۆشتی گونی خۆت بخۆ و منەتی قەساب هەڵ مەگرە (١٧٩) |
| ٧٥ | هەر كەس پێی خۆش بێ دڵۆپەی خانووی<br>پێی ناخۆش نییە حیز بێ كەبانووی | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٦ | لە کون دێتەدەر مار بە قسەی خۆش<br>قازانی مەردان درەنگ دێتە جۆش | بە قسەی خۆش مار لە کون دێتەدەر ( ١٨٠ )<br>قازانی مێردان بە حەوت ساڵ دێتە جۆش ( ١٨١ ) |
| ٧٧ | بۆ هەر جێیەك چووی هاورێ پەیاکە<br>ئەڵێن تەنیایی هەر بۆ خوا چاکە | بێکەسی هەر بۆ خوا باشە ( ١٨٢ ) |
| ٧٨ | ماڵ و ژن نەبووە و قەت نەگوتراوە<br>هەر ژن و ماڵیان لەسەر دەم باوە | ژن و ماڵیان وتووە ( ١٨٣ ) |
| ٧٩ | گەورە و بچوکی بۆ عەقڵ نابێ<br>یان ئەڵێن قەت چەم بێ چەقەڵ نابێ | عەقڵ بە گەورە و بچوکی نییە ( ١٨٤ )<br>چەم بێ چەقەڵ نابێ ( ١٨٥ ) |
| ٨٠ | لە قەسابخانە بڕێ ئەزانی<br>سەگ بە فیڕۆیە سەردەمی ژیانی | سەگ لە قەسابخانە نەمرێ عومری بە بادە ( ١٨٦ ) |
| ٨١ | لە ڕێوییان پرسی شاهیدت کوانێ<br>کلکی جوڵان و ها ئەوەتانێ | بە ڕێوییان وت : کێ شاهیدتە؟ وتی : کلکم ( ١٨٧ ) |
| ٨٢ | هەموو کەس بەچکەی خۆی لەلا چاکە<br>کەس لە عەقڵی خۆی گلەیی ناکا | ژیشك ئەڵێ: لە بەچکەی من نەرم و شلتر نیە ( ١٨٨ )<br>کەس بە دۆی خۆی ناڵێ ترش ( ١٨٩ ) |
| ٨٣ | ئاشهاڕ پەلەی بوو زوو باریکا بار<br>ئاشەوان ئەیویست زوو پڕبێ عەمار | ئاشەوان لە خەیاڵێك، باراشهاڕ لە خەیاڵێك ( ١٩٠ ) |
| ٨٤ | کە ماسی بگری قونت تەڕ ئەبێ<br>سەگ بە کونی خۆی وەڕی گەڕ ئەبێ | ئەیەوێ ماسی بگرێ قنگی تەڕ نەبێ ( ١٩١ )<br>ڕێوی لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە گەڕ ئەبێ ( ١٩٢ ) |
| ٨٥ | بۆچی زیاد ناکەی گیسکی هەیاسی<br>یان ئەڵێن تۆ گا بە گونا ئەناسی | بووە بە گیسکەکەی هەیاسی خاس ( ١٩٣ )<br>گا بە گونا ئەناسێ ( ١٩٤ ) |
| ٨٦ | ژنت شەریکی نەك ماڵت بریا<br>قەت بە دەمی سەگ پیس نابێ دەریا | ژنت شەریکی بێ، ماڵت شەریکی نەبێ ( ١٩٥ )<br>دەریا بە دەمی سەگ پیس نابێ ( ١٩٦ ) |
| ٨٧ | گۆشت بۆ قەساب و بۆ نانەوا نان<br>نەکەی بۆ گیسکێ گایەك خەیتە بان | نان بۆ نانەوا و گۆشتیش بۆ قەساب ( ١٩٧ )<br>بۆ گیسکێك گایەك لە کیس خۆت مەدە ( ١٩٨ ) |
| ٨٨ | پێشوونی ئەڵێن لە شوێن چوان نەچی<br>یان گەر قەسابی لە ناڵبەندیت چی | لە دووی چوان مەچۆ ( ١٩٩ )<br>***** |
| ٨٩ | مەجبووری لەوە کەڵك وەرگری<br>ئەگەر ڕیشت بوو شانە هەڵگری | ڕیش نەبێ بە تووشەوە، کە بوو بە تووشەوە، ئەبێ شانەی بۆ هەڵگریت ( ٢٠٠ ) |
| ٩٠ | پیاو کە شەرمن بوو بیدە بە تووریێك<br>ژن کە شەرمن بوو زێرە پڕ ژوورێك | ***** |

وەك لە بەراوردکرنی پەندەکان لای خاڵ و خاڵۆ دەردەکەوێت،ئەوەیە کە زۆر جار نووسینەوەکەی خاڵ و شێوەی پەندەکان لای خاڵۆ لە یەك دەچن،واتە چۆن لەناو خەڵکدا بەکاهاتووە و هەر بەو جۆرە تۆماریان کردووە،گەرچی هەندێ جار خاڵۆ لە بەکارهێنانی باوی پەندەکان دوورکەوتۆتەوە،بەڵام بە هەمان مەبەست و ناوەرۆکی خۆیانەوە.

**بەشی سێیەم:**

**ژمارە و دەقی پەندەکان لای ( خاڵۆ ) کە لای ( پیرەمێرد ) و ( خاڵ ) نابینرێن:**

هەروەك پێشتر ڕوونمانكردەوە، پیرەمێرد توانیویەتی ( ٦٤٤٨ ) پەندی پێشینان كۆبكاتەوە و لە چوارچێوەی بەیتی شیعریدا بەكاریانبهێنێت.هەروەها شێخ موحەممەدی خاڵیش بە پێی توانای خۆی توانیویەتی ( ٤٤٩٧ ) پەندی پێشینانی كوردی بەو شێوەیەی كە لە دەمی خەڵكییەوە بیستوویەتی كۆبكاتەوە.

خاڵۆش بە هەمان شێوە توانیویەتی ( ١٤١ ) پەندی پێشینان كۆبكاتەوە و لە چوارچێوەی بەیتی شیعریدا جارێكی تر دایبرێژێتەوە و بیداتەوە بە گوێی نەوەكانی داهاتوودا.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە كە هەرچەندە ژمارەی پەندەكان لای خاڵۆ بە بەراورد لەگەڵ پیرەمێرد و شێخ موحەممەدی خاڵ زۆر كەمە، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەكی بەرچاو پەندی پێشینان لای خاڵۆ دەبینین كە لای پیرەمێرد و شێخی خاڵ كە دوو كەسایەتی زۆر دیارن لە بواری كۆكردنەوەی پەندی پێشیناندا بەرچاو ناكەون و نابینرێن، هەر بۆیەلێرەدا دەقی ئەو پەندانە بەجیا دەخەینە ڕوو كە لای خاڵۆ هەن و لای پیرەمێرد و خاڵ نین، كە بۆ ئەم مەبەستە تەنیا دەقی پەندە نەبووەكان جا لە بەیتێكدا بێت یان لە نیوە بەیتێكیشدا بێت لە نێوان دوو كەوانەدا دەخەینە ڕوو، بۆ نموونە هەریەكە لەم پەندانە لای پیرەمێرد و خاڵ نابینرێن:

| ژ | ئەو پەندانەی كە لای پیرەمێرد نین | ئەو پەندانەی كە لای خاڵ نین |
|---|---|---|
| ١ | ( دۆستی وەك تۆم بێ دوژمنم ناوێ ) | ***** |
| ٢ | یان ( وەی لە قونێ و وەی لە دۆشاوێ ) | ***** |
| ٣ | ( لە دەم داكەوێ تیكە بۆ كۆشێ ) | ***** |
| ٤ | ( ورچی نە كوژراو پێستی نافرۆشرێ ) | ( ورچی نە كوژراو پێستی نافرۆشرێ ) |
| ٥ | ئەڵێن كاكە تۆ ( لە گوێی گا خەوتووی ) | ***** |
| ٦ | ئەڵێن ( دڵ مێشە لە پیس ئەنیشێ ) | ***** |
| ٧ | یان ( ئەم هەویرە ئاو زۆر ئەكێشێ ) | ***** |
| ٨ | ( سەگ و سەرەنوێلك نێزیكتر لە خوێش ) | ( سەگ و سەرەنوێلك نێزیكتر لە خوێش ) |
| ٩ | ( لە پاش ڕووتكردن بۆ خۆت بێ پشتێن<br>لێی بنوو مەڵێ جەردە وا لە كوێن ) | ***** |
| ١٠ | ( مریشك بۆ خۆی بەسەری خۆیا<br>خۆڵ نەكا سەد كەس بۆی ناكرێ پێیا ) | ***** |
| ١١ | ئەڵێن ( پاش میران سێ سێ سەر ئەبڕن ) | ***** |
| ١٢ | یان ( نانیان نییە پیوازان ئەكرن ) | ***** |
| ١٣ | ( دۆم تا دانیشێ وێرانە ماڵێ ) | ***** |
| ١٤ | ( شێر واڵە بێشە مەگەرێ بۆ شوێن ) | ***** |
| ١٥ | ( كەر سەر پشك بێ ئەڵێ كێری زل<br>هەر بۆ من باشە ئۆباڵم بە مل ) | ***** |
| ١٦ | گوتراوە ( لە حەق ئاو ڕائەوەستێ ) | ***** |
| ١٧ | ( كەرت وەبەستە بۆ خۆت لێی بنوو ) | ( كەرت وەبەستە بۆ خۆت لێی بنوو ) |
| ١٨ | ( بۆ ڕاو یەك كەمە و ئەشڵێن زۆرە دوو ) | ( بۆ ڕاو یەك كەمە و ئەشڵێن زۆرە دوو ) |
| ١٩ | ( ڕۆژ و شەو وەكیەك وایە لەلای كوێر ) | ***** |
| ٢٠ | چەند كەس نایە كار بەرامبەر مەردێك<br>ئەوە پێی ئەڵێن ( سەد قەل و بەردێك ) | ***** |
| ٢١ | ( شێتە بۆ شێتی مایەی بۆ لوانە ) | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٢ | (قوزی بەر ئاگر بێ نرخە لامان) | ***** |
| ٢٣ | (گڵی دوور ئەڵێن دەرمانی زامان) | ***** |
| ٢٤ | (یەك حەرفێ بەسە بڵێی بە ژیرێ) | ***** |
| ٢٥ | ئەڵێن (کەر بە کەر باشتر ئەگیرێ) | ***** |
| ٢٦ | ئەڵێن (قەرزاری ڕەگی گوڵییە) | ***** |
| ٢٧ | یان (ژنی خراپ تەوقی ملییە) | ***** |
| ٢٨ | یان (وەك بەفری پار چوو ئەبڕێتەوە) | یان (وەك بەفری پار چوو ئەبڕێتەوە) |
| ٢٩ | (دەستی خۆی نییە بۆیە ئەگرێ مار) | ***** |
| ٣٠ | (بە سۆفێتی ژن مەکە ئیعتوبار) | ***** |
| ٣١ | (دڵت خۆش مەکە بە زەردەی زۆردار) | ***** |
| ٣٢ | ***** | (سەگ لە کولێرە قەت نەتۆراوە) |
| ٣٣ | (کلاشی خەڵکی و مانگەشەو وایە) | (کلاشی خەڵکی و مانگەشەو وایە) |
| ٣٤ | (گوللە و دەرمانی کاك بایزاغایە) | ***** |
| ٣٥ | ***** | (ئاغاژن حیزبێ بۆ تاقە پیاوێ<br>کارەکەر بۆ کەس پێوتنی ناوێ) |
| ٣٦ | (بەرامبەر خاڵی ژنی تەواوە<br>لەلای خاڵۆژنی کێری هەستاوە) | (بەرامبەر خاڵی ژنی تەواوە<br>لەلای خاڵۆژنی کێری هەستاوە) |
| ٣٧ | (هێنایان بۆ کەر دوورییەك هێلکەوڕۆن<br>گوێی خستەناوی نەیدی تام و بۆن) | (هێنایان بۆ کەر دوورییەك هێلکەوڕۆن<br>گوێی خستەناوی نەیدی تام و بۆن) |
| ٣٨ | (هەموو شتێك بە خوێ و خوێش بە ئەندازە) | ***** |
| ٣٩ | (دار تا پیر ئەبێ چاوەڕێی بازە) | ***** |
| ٤٠ | (دیزەی کەبیانوو هیچ تەقەی نایە) | ***** |
| ٤١ | (پیچی دەوەنێك ڕەقەمی شایە) | (پیچی دەوەنێك ڕەقەمی شایە) |
| ٤٢ | (گەر بە بێگاری بچییە ناو نزار<br>واتە بۆ مازوو ناڕوانی بۆ دار) | ***** |
| ٤٣ | (با شەڕ لە شێڤێ نەك لە خەرمانێ) | ***** |
| ٤٤ | یان (باش بەرد لەسەر مەڵۆی خۆت دانێ) | ***** |
| ٤٥ | (وتیان لە ساخی بۆ ئەڕۆی هۆرە<br>وتی لە دواوە مێکوتم زۆرە) | (وتیان لە ساخی بۆ ئەڕۆی هۆرە<br>وتی لە دواوە مێکوتم زۆرە) |
| ٤٦ | (هەر بەیەك ئەگەن کاروانی و خانچی) | ***** |
| ٤٧ | (وا ئاش ئەگەڕێ چەقەنە تۆ چی) | ***** |
| ٤٨ | (دیاری شوان شنگە یان ئاڵەکۆکە) | ***** |
| ٤٩ | (خۆزگە بۆ کفن دزەکەی کە ڕۆی<br>ئەڵێن مردوو گێ ئێستا وا لە جێی) | ***** |
| ٥٠ | (گای بە بارەوە ئەڵێی وەستاوە<br>کوڕی بۆ فێربوون، خوێندن هێناوە) | ***** |
| ٥١ | (ڕێوی بە کونەوە هەر بۆ خۆی ناچێ) | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| | هەژێك بە گونەوە ئنجا چۆن ئەچێ) | |
| ٥٢ | (ئەوەی لە شەڕا نەبێ ناترسێ<br>تیران داوێژێ دووسەرە و سێ سێ) | ***** |
| ٥٣ | (وتیان بە بزن شوان دەسناکەوێ<br>خاوەنیش بمرێ پەکم ناکەوێ) | ***** |
| ٥٤ | (وتیان بە گورگ نۆبەتە برۆ<br>ئەمرۆ تۆ شوانبە وتی ئەی درۆ) | ***** |
| ٥٥ | (بە نەشارەزا ئەڵێن وەك کوێرە) | ***** |
| ٥٦ | ئەڵێن( ڕێوییەکی بە دایم گەڕاو<br>نەك شێری نووستوو تەمەڵ بێ لە ڕاو) | ***** |
| ٥٧ | (خزم بە خە نجەر خوێنت برژێنێ<br>گۆشتیشت بخوا، ئێسکت ناشکێنێ) | ***** |
| ٥٨ | (وەك گونی قۆڕە خزمی نالەبار<br>ئەیبڕی ئەمری و نایبڕی هەر عار) | ***** |
| ٥٩ | یان ئەڵێن (گاڵتە هەر خۆشە تاوێ) | یان ئەڵێن (گاڵتە هەر خۆشە تاوێ) |
| ٦٠ | (بەردم لە سەری چێشتکەرێ داوە<br>ئومێدی کەوچکە چێشتەکەم ناوە) | (بەردم لە سەری چێشتکەرێ داوە<br>ئومێدی کەوچکە چێشتەکەم ناوە) |
| ٦١ | (میوان بە خێربێ جێژنی خانەخوێ) | ***** |
| ٦٢ | کاکە (بە بای خۆت شەنت کە بە با) | کاکە (بە بای خۆت شەنت کە بە با) |
| ٦٣ | گوتراوە کە (کەر نۆی برد دەش دەبا) | ***** |
| ٦٤ | (سەگ بە مانگەشەو با هەر هەڵوەرێ) | ***** |
| ٦٥ | یان (کێ بە زورنای ئەو هەڵئە پەرێ) | ***** |
| ٦٦ | (بەختەك نائیب بێ و پاشا نەوشیروان<br>دووسەد کەلاوە بکرە بە هەرزان) | ***** |
| ٦٧ | (کەر کە ماندوو بوو وا لە ڕێی چووشە) | ***** |
| ٦٨ | یان (دەنگی دەهۆڵ هەر لە دوور خۆشە) | ***** |
| ٦٩ | (دۆ بە بە بێ دۆ ئەڵێ ماستاوە) | ***** |
| ٧٠ | ئەڵێن (چێو لە چێو ئەگەڕێتەوە) | ***** |
| ٧١ | (کەس بە مەلەی کەس نا پەڕێتەوە) | ***** |
| ٧٢ | (گۆزە نەسووتێ دەرناچێ لە گڵ) | (گۆزە نەسووتێ دەرناچێ لە گڵ) |
| ٧٣ | (کێ گوڵی چنی بێ ژانی چقڵ) | (کێ گوڵی چنی بێ ژانی چقڵ) |
| ٧٤ | (چاو چاوی ئەخوارد ئەگەر لوت نەبێ) | ***** |
| ٧٥ | (گە نجی بە باربێ و بە ژاری مار بێ) | (گە نجی بە باربێ و بە ژاری مار بێ) |
| ٧٦ | (لای دۆست درکاندت نهێنییەکی خۆ<br>ئەویش هەیەتی چەند دۆستی وەك تۆ) | ***** |
| ٧٧ | یان ئەڵێن (سەد ساڵ چەك ڕۆژێ گەرەك) | یان ئەڵێن (سەد ساڵ چەك ڕۆژێ گەرەك) |
| ٧٨ | (بە خۆشی زستان قەت مەکە بڕوا) | ***** |

| | | |
|---|---|---|
| ٧٩ | ( گای پیر لە ترسی قونی ئەبێ سوار ) | ( گای پیر لە ترسی قونی ئەبێ سوار ) |
| ٨٠ | ( هەر كەس پێی خۆش بێ دڵۆپەی خانووی<br>پێی ناخۆش نییە حیز بێ كەبانووی ) | ( هەر كەس پێی خۆش بێ دڵۆپەی خانووی<br>پێی ناخۆش نییە حیز بێ كەبانووی ) |
| ٨١ | ( لە كون دێتەدەر مار بە قسەی خۆش ) | ***** |
| ٨٢ | ( قازانی مەردان درەنگ دێتە جۆش ) | ***** |
| ٨٣ | بۆ هەر جێیەك چووی هاوڕێ پەیاكە<br>ئەڵێن ( تەنیایی هەر بۆ خوا چاكە ) | ***** |
| ٨٤ | ماڵ و ژن نەبووە و قەت نەگوتراوە<br>( هەر ژن و ماڵیان لەسەر دەم باوە ) | ***** |
| ٨٥ | یان ئەڵێن قەت ( چەم بێ چەقەڵ نابێ ) | ***** |
| ٨٦ | ( لە قەسابخانە بڕێ ئەزانی<br>سەگ بە فێڕۆیە سەردەمی ژیانی ) | ***** |
| ٨٧ | ( لە ڕێوییان پرسی شاهیدت كوانێ<br>كلكی جوڵان و ها ئەوەتانێ ) | ***** |
| ٨٨ | ( هەموو كەس بەچكەی خۆی لەلا چاكە ) | ***** |
| ٨٩ | ( ئاشهاڕ پەلەی بوو زوو باریكا بار<br>ئاشەوان ئەیویست زوو پڕبێ عەمار ) | ***** |
| ٩٠ | ( سەگ بە كونی خۆی وەڕی گەڕ ئەبێ ) | ***** |
| ٩١ | ( بۆچی زیاد ناكەی گیسكی هەیاسی ) | ***** |
| ٩٢ | یان ئەڵێن ( تۆ گا بە گونا ئەناسی ) | ***** |
| ٩٣ | ( ژنت شەریكی نەك ماڵت بریا ) | ***** |
| ٩٤ | ( قەت بە دەمی سەگ پیس نابێ دەریا ) | ***** |
| ٩٥ | ( نەكەی بۆ گیسكێ گایەك خەیتە بان ) | ***** |
| ٩٦ | پێشوونی ئەڵێن ( لە شوێن چوان نەچی ) | ***** |
| ٩٧ | یان ( گەر قەسابی لە ناڵبەندیت چی ) | یان ( گەر قەسابی لە ناڵبەندیت چی ) |
| ٩٨ | مەجبووری لەوە كەڵك وەرگری<br>( ئەگەر ڕیشت بوو شانە هەڵگری ) | ***** |
| ٩٩ | ( پیاو كە شەرمن بوو بیدە بە تووڕێك<br>ژن كە شەرمن بوو زێڕە پڕ ژوورێك ) | ( پیاو كە شەرمن بوو بیدە بە تووڕێك<br>ژن كە شەرمن بوو زێڕە پڕ ژوورێك ) |

هەروەك لە لیستەكەدا دیارە لەو ( ١٤١ ) پەندی پێشینانەی كە خاڵۆ لە تاكە بەیتەكانیدا بەكاریهێناوە، ( ٩٧ ) پەندیان لای پیرەمێرد و ( ٢٣ ) پەندیان لای شێخ موحەمەدی خاڵ نابینرێن و بەكارنەهاتوون، بەڵام لەو ( ٩٧ ) پەندەی كەلای پیرەمێرد نابینرێن، ( ٧٦ ) پەندیان شێخ موحەمەدی خاڵ كۆیكردوونەتەوە و تۆماری كردوون، واتە ( ٢١ ) پەندیان تەنها لای خاڵۆ دەبینرێن و لای پیرەمێرد و خاڵ بەرچاوناكەون، هەروەها لەو ( ٢٣ ) پەندەی كەلای خاڵ نابینرێن، ( ٢ ) پەندیان پیرەمێرد بە هۆنراوە بۆی تۆماركردووین.

هەروەك لە لیستەكەدا دەبینین ژمارەیەكی زۆری پەندی پێشینان لای پیرەمێرد و خاڵ هاوبەشن كەلای هیچیان نین و تەنیا لای خاڵۆ بەرچاودەكەون كە ژمارەیان دەگاتە( ٢١ ) پەندی پێشینان، ئەمەش بەو مانایە نایەت كە لای نووسەرو شاعیرانی

تر ياخوود ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی کۆکردنەوەی پەندی پێشینانی کوردین بوونیان نەبێت، بەڵام بە بەراورد بە دوو کەسايەتی دياری وەك پيرەمێرد و خاڵ کە لەمێژووی ئەدەبياتی کورديدا بەتايبەت لە ناوچەی سلێمانيدا کە زياتر سەرقاڵی کۆکردنەوەی پەندی پێشينانی کوردی بوون، کارەکەی خاڵۆ بايەخ و گرنگی خۆی هەيە.

هەر بۆنمونە ئەم بەيتە پەند ئامێزەی خاڵۆ:

هێنايان بۆ کەر دەورييەك هێلکەوڕۆن      گوێی خستەناوی نەيدی تام و بۆن

لە سەرچاوەيەکی تردا هاتووە بە مجۆرە:

هێلکەوڕوونی لۆ کەرێ بکەی گێلاکی لە ناو دەنێ.(٢٠١)

ديسانەوە ئەم بەيتە پەند ئامێزەی تری خاڵۆ:

پياو کە شەرمن بوو بيدە بە توريك      ژن کە شەرمن بوو زێڕە پڕ ژوورێك

بە مجۆرەش هاتووە:

ئافرەتی شەرمن شارێك دێنێ، پياوی شەرمن بزنێك.(٢٠٢)

**ئەنجام:**

لە ڕێڕەوی لێکۆڵينەوەکەماندا گەيشتينە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١- پەند و ئامۆژگاری لای خەڵك بەها و سەنگی خۆی هەيە، شاعيران ويستوويانە پەندەکان بخەنە چوارچێوەی شيعرەکانيانەوە و بابەتی ئامۆژگاريی بۆ کۆڕ و ئەندامانی کۆمەڵەکەيان و نەوەکانی دوای خۆيان لە هۆنراوەکانياندا گوزارشت لێ بکەن، ئەم حاڵەتەش لە شيعری زۆربەی شاعيرانی کورددا دەبينرێت، (خاڵۆ )ی شاعيريش چەند شيعرێکی هەيە، کە ئەم بابەتە شيعرييەی تێدايە.

٢- بۆ ئەو بەيتانەی خاڵۆ کە پەندی پێشينانيان لە ئامێز گرتووە، لە جياتی دەستەواژەی ( پەندی پێشينانی خاڵۆ) و ( پەندەکانی خاڵۆ) دەربڕينی (تاك) يان دەستەواژەی شيعری پەند ئامێز گونجاوە.

٣- لە ديوانی خاڵۆ ژمارەيەکی زۆر (پەندی پێشينان) بەر چاو دەکەوێت ، ژمارەی ئەو پەندانەی بەکاری هێناون بريتييە لە (١٤١) پەند لە (٩٠) دێڕە شيعردا.

٤- خاڵۆ زۆر جار دوو پەندی پێشينانی لە يەك دێڕەشيعردا کۆکردۆتەوە، کە ژمارەيان(٥١) دێڕەشيعره واته(١٠٢) پەند، وە هەندێ جار يەك پەندی لە بەيتێکدا جێ کردۆتەوە و بەکاريهێناوە، کە ژمارەيان (٣٩) بەيتە واتە (٣٩) پەند.

٥- لەو (١٤١) پەندی پێشينانەی کە خاڵۆ لە تاکە بەيتەکانيدا بەکاريهێناوە، (٩٧) پەنديان لای پيرەمێرد و (٢٣) پەنديان لای شێخ موحەممەدی خاڵ نابينرێن و بەکارنەهاتوون.

٦- لە تێکەڵکردنی پەندەکانی پيرەمێرد و خاڵ و بەرامبەرکردنيان لەگەڵ خاڵۆ دا، دەردەکەوێت کە (٢١) پەندی پێشينان تەنها لای خاڵۆ هەيە و لای ئەوان نابينرێن.

٧- خاڵۆ هەندێ جار لە بەکارهێنانی باوی پەندەکان لە کاتێکدا کە خستونييەتە قاڵبی بەيتێکەوە دوور کەوتۆتەوە، بەڵام بە هەمان ناوەرۆك و مەبەستی خۆيانەوە.

**پەراوێزەکان:**

١) ديوانی خاڵۆ (محەمەد دەروێش مارف عەلی نۆڕەبابی)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و فەرهەنگ: مەهدی فاتيح عومەر، چاپی يەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبيری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٤.

٢) ديوانی خاڵۆ ، ل٣٥.

٣ ) ديوانی خاڵۆ ،ل٢٠٧.

٤ ) ديوانی خاڵۆ ، ل٢١٠.

٥ ) ديوانی خاڵۆ، ل٣٧٤.

٦ ) ديوانی خاڵۆ، ل٣٧٣.

٧ ) پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ل٧

٨ ) ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی كوردی لە ڕۆژهەلاتی كوردستان، بەرگی یەكەم، ئامادەكردنی :شەریف فەلاح، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٥٣١.

٩ ) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی، د. شوكریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، وەرگێرانی :دكتور شوكریە ڕەسولٚ و جەلال تەقی، چاپكراوەكانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٤، ل٧٠.

١٠ )بیری كۆمەلاَیەتی لە شیعرە پەندئامێزەكانی پیرەمێرد دا، فوئاد ڕەشید مەحەمەد، گوڤارا زانكویا دهوك ، پەربەندا ٢ ، هژمارا ٦ ، چریا ئێكێ ١٩٩٩، ل٨٦٠.

١١ ) معجم مصطلحات الادب، مجدي وهبة،بيروت،١٩٧٤،ل١٩٤.

١٢ ) بیری كۆمەلاَیەتی لە شیعرە پەندئامێزەكانی پیرەمێرد دا، فوئاد ڕەشید مەحەمەد، ل٨٦٢.

١٣ ) یادی پیرەمێرد، عەلادین سەجادی، چاپخانەی العاني، بەغداد، ١٩٧٠، ل١٨.

* لە پەراوێزی ژمارە( ١٤- ٨١ ) لە هەرسێ بەرگەكەی پەندەكانی پیرەمێرد وەرگیراوە، بەمجۆرە:

أ- پەراوێزەكانی ژمارە( ١٤، ١٥، ١٦، ١٨، ٢٢، ٢٣، ٢٥، ٢٧، ٢٩، ٣٠، ٣٢، ٣٣، ٣٥، ٣٦، ٣٧، ٣٨، ٣٩، ٤٢، ٤٣، ٤٤، ٤٥، ٤٦، ٤٧، ٤٨، ٥٠، ٥١، ٥٣، ٥٤، ٥٥، ٥٦، ٥٨، ٥٩، ٦٠، ٦٣، ٦٤، ٦٧، ٧٠، ٧٤، ٧٥، ٧٦، ٧٧، ٧٨ ) لە لاپەڕەكانی ( ٦٦، ٩٣، ١٣، ٢٣، ٣٨، ١٣٣، ١١، ٣٩، ٢٠٣، ٢٥١، ٢٢، ٥، ٧٠، ١٠٣، ٢٥، ٣٩، ١٥١، ٤٢، ١٢٥، ١٦، ٢١٣، ٨، ٢٢، ٦٨، ٢١، ٢٩٠، ٥، ٢٩، ٤٦، ٢٤٤، ١٦٧، ١٠، ٦٨، ١٧٢، ١٧٩، ٦٥، ٨، ١٠٥، ٨، ٢٥٠، ١٧٠، ١٨٠ )ی بەرگی یەكەم.

ب- پەراوێزەكانی ژمارە( ١٧، ٢١، ٢٤، ٢٦، ٢٨، ٣١، ٣٤، ٤١، ٤٩، ٥٧، ٦١، ٦٨، ٦٩، ٧٩، ٨٠ ) لە لاپەڕەكانی ( ٥٠٠، ٤٩١، ٤٠٩، ٣٤٦، ٥٠٢، ٣٧٤، ٣٥٠، ٥٣٨، ٥٨١، ٥٣٨، ٤٤٥، ٣٥٨، ٥٨١، ٣٨٠، ٦٠٣ )ی بەرگی دووەم.

ج- پەراوێزەكانی ژمارە( ١٩، ٢٠، ٤٠، ٥٢، ٦٢، ٦٥، ٦٦، ٧١، ٧٢، ٧٣، ٨١ ) لە لاپەڕەكانی ( ٦٢٩، ٦٣٦، ٦٥٣، ٦١٨، ٦٢٧، ٧٧٦، ٦٢٥، ٦٣٠، ٧٩٧، ٧٨٨، ٧٩٦ )ی بەرگی سێیەم.

٨٢ ) بڕوانە سەرجەم لاپەڕەكانی پەندی پێشینان، شێخ محەمەدی خاڵ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

** لە پەراوێزی ژمارە( ٨٣-٢٠٠ ) وەرگیراوە لە لاپەڕەكانی ( ٥١٦، ٤٦٤، ١٠٨، ١٣٥، ٤٧٢، ٥٢، ٢٢٤، ٢٢١، ٥٩، ٣٤٤، ٢٢٤، ٣١، ٣٧١، ٤٢٤، ٣٩١، ٥١١، ٢٢٨، ١٦٩، ٣٠٥، ٣٨٢، ٤٦٢، ١٩٢، ١٨٦، ١٦٧، ٩٥، ٢٧٩، ٢١٩، ٣٠٤، ٦٢، ٣١٨، ٣٦٨، ٣٩، ٤٩٣، ١٠١، ٢٦٨، ١٦٧، ٢٣٩، ٢٠٨، ٤٢٨، ٥٨٢، ١٠٥، ٣٣٧، ٣٧٤، ٥٠٠، ٢٠٩، ٨٠، ١٥٢، ١٢٠، ٢٩٩، ١١٦، ٦١، ١٩، ٢٤٨، ٢٨٩، ٢٧٧، ٥١٧، ٣٦٤، ٢٥٨، ٢٩٨، ١٧٠، ١١٦، ٤٦٦، ١٢٦، ٤٥٨، ١١٩، ٢٦٠، ١٢٤، ١٦٦، ٣٢٥، ٥٥١، ١٩١، ١٩١، ١٧٥، ٤٤١، ٣٠١، ٣٤٣، ٣٥، ٢٠٢، ٢٨٧، ٣٥٠، ٤٦٠، ٣٤٨، ٢٤٥، ٢٢٤، ٢٥١، ١٨٣، ٣٥٠، ٤٨١، ٣٩، ٣٧، ٢٠١، ٣١٤، ٣٩٦، ١١٠، ٢٩٦، ٢٩٠، ٣٧٣، ١٢٣، ٣١٢، ١٣٣، ٢٦٨، ٣٠٨، ١٨٢، ٢٨٨، ١١٨، ٢٦٩، ٣٤٩، ٢١، ٧٦، ٢٥٨، ١٠٢، ٣٦١، ٢٦٧، ٢٣٤، ٤٤٥، ٩٥، ٣٩٦، ٢٥٨ )ی پەندی پێشینان، شێخ محەممەدی خاڵ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.

٢٠١ ) پەندی كوردی، عومەر شیخەڵلاّ دەشتەكی، چاپی یەكەم، چاپخانەی كوردستان، هەولێر، ١٩٧٥، ل١٧٥.

٢٠٢ ) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی كوردی، د. شوكریە ڕەسووڵ ، و:دكتور شوكریە ڕەسولٚ و جەلال تەقی، ل٤٤.

سەرچاوەكان:

١ ) پەندەكانی پیرەمێرد، بەرگی یەكەم، كۆكردنەوە و ساغكردنەوەی: فایەق هوشیار- مستەفا سائح كەریم- مەحموود ئەحمەد محەممەد- محەممەد نوری تۆفیق- ئەحمەد زرنگ، چاپخانەی ( الزمان)،

بەغداد، ١٩٩٥.
٢) پەندەکانی پیرەمێرد، بەرگی دووەم، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فایەق هوشیار- مستەفا ساڵح کەریم- مەحموود ئەحمەد محەممەد- محەممەد نوری تۆفیق- ئەحمەد زرنگ، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد، ١٩٩٥.
٣) پەندەکانی پیرەمێرد، بەرگی سێهەم، کۆکردنەوە و ساغکردنەوەی: فایەق هوشیار- مستەفا ساڵح کەریم- مەحموود ئەحمەد محەممەد- محەممەد نوری تۆفیق- ئەحمەد زرنگ، چاپخانەی (الزمان)، بەغداد، ١٩٩٦.
٤) پەندی پێشینان، شێخ محەممەدی خاڵ، چاپی سێیەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٠.
٥) پەندی پێشینان و قسەی نەستەقی کوردی، د. شوکریە ڕەسووڵ ئیبراهیم، وەرگێڕانی: دکتور شوکریە ڕەسوڵ و جەلال تەقی، چاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی ڕۆشنبیری و لاوان، هەولێر، ١٩٨٤.
٦) پەندی کوردی، عومەر شێخەڵلا دەشتەکی، چاپی یەکەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٥.
٧) دیوانی خاڵۆ (محەمەد دەروێش مارف عەلی نۆڕەبابی)، کۆکردنەوە و ساغکردنەوە و فەرهەنگ: مەهدی فاتیح عومەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩.
٨) یادی پیرەمێرد، عەلادین سەجادی، چاپخانەی العانی، بەغداد، ١٩٧٠.
٩) گوڤارا زانکویا دهوك، پەربەندا ٢، هژمارا ٦، چریا ئێکێ ١٩٩٩.
١٠) ڕۆچنەیەك بۆ ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەرگی یەکەم، ئامادەکردنی: شەریف فەلاح، چاپخانەی لەریا، سلێمانی، ٢٠١٢.
١١) معجم مصطلحات الادب، مجدي وهبة، بيروت، ١٩٧٤.

.

## ABSTRACT

This paper entitled **"The Role of Khallo in Preserving Kurdish Proverbs"** is an attempt to bring up some Kurdish proverbs which are compiled by some Kurdish scholars and compare and contrast them to one another. For that purpose, light was shed on the most prominent figure in that field who is the poet Piramerd. Piramerd compiled the proverbs and then recomposed them in the form of poems. After that, the scholar Shekh Mohammadi Khal also was able to compile many other proverbs and discuss and analyze them. Moreover, some other proverbs are exposed which are compiled by the poet Khallo but do not exist in Piramerd and Shekh Mohammadi Khal's works.

Apart from the introduction, this paper consists of three parts. Part one discusses the importance of proverbs to the poet Khallo. Part two consists of two chapters. Chapter one deals with comparing the proverbs in both poets' (Khallo and Piramerd) works whilst chapter two deals with comparing the proverbs in Khallo and Shekh Mohammadi Khal's works. In addition, part three exposes a number of proverbs that exist only in Khallo's works but do not exist in Piramerd and Shekh Mohammadi Khal's works.

The paper ends with the conclusion and the list of references.